گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# تایبەتمەندیی بەجێهێنان و ئیمپرۆڤایزەیشن لە نێو مۆدەکانی ڕۆژهەڵاتیدا

**دەوەن عەبدوڵڵا قادر**
بەشی موزیک، کۆلێژی هونەرەجوانەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
Dawan.qader@su.edu.krd

**پ.ی.د. ئامانج غازی شاکر ئاغا**
بەشی موزیک، کۆلێژی هونەرەجوانەکان، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
Amanj.shaker@se.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٥/٦/١٠
پەسەندکردن:٢٠٢٥/٧/١٣
بڵاو کردنەوە:هاوین ٢٠٢٦

**ووشە سەرەکییەکان**
تایبەتمەندی
بەجێهێنان ئیمپرۆڤایزەیشن
مۆد، مۆدی ڕۆژهەڵاتی.

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.11.3.22

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە جەخت لەسەر چۆنیەتی بەجێهێنان و ئیمپرۆڤایزەکردنی مۆدەکانی ڕۆژهەڵاتی بە تایبەت لەناو سیستەمێکیی مەقامدا دەکات. هەوڵ دەدات بۆ دۆزینەوەی ئەو لایەنە شاراوانەی لە توێژینەوە فەرمییەکان سەبارەت بە چۆنیەتی لێکدانەوە و پەرەپێدانی پێکهاتەی مۆدەکان لە ڕێگەی نمایشی ڕاستەوخۆوە بەدەست دەهێنرێت، کە زۆرجار بە نەریتی سەرزارەکی و دەربڕینی تاکەکەسی ڕێنمایی دەکرێن. ئامانج لێی تێگەیشتنە لەو تایبەتمەندییە هونەری و تەکنیکییەی ئیمپرۆڤایزەیشن لەنێو ئەم سیستەمی موزیکییەدا. توێژینەوەکە شێوازەکانی وەک نووسینەوەی نۆتە و گەڕانی مەیدانی لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی بەجێهێنەر و شیکاری بەکاردەهێنێت بۆ تێگەیشتن لە شێوە و پێکهاتەی مۆدەکان، گۆڕانی تۆن و ئۆرنەمێنتەکان. هەروەها لێکۆڵینەوەکان نیشان دەدەن کە ئیمپرۆڤایزەیشن یاسا کولتوورییە دامەزراوەکان پەیڕەو دەکات بەڵام لەهەمان کاتدا ڕێگە بە ئازادی دەربڕین دەدات لە ڕێگەی گۆڕانی چارکە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەنگ و دەستەواژەی داهێنەرانەوە. لێرەدا کلتووره جیاوازەکان کاریگەرییان لەسەر شێوازی لێکدانەوەی مۆدەکان هەیە. هەروەها توێژینەوەکە پێشنیازی ئاوێتەکردنی ڕاهێنانی گوێ و قورگ، شێوازە زارەکییەکان و شیکاری مۆدەکان دەکات لە ڕێگەی ڕاهێنانێکی فێرکاری بە مەبەستی پاراستن و بەرزکردنەوەی فۆرمەکانی موزیکی دەنگی ڕۆژهەڵاتی. بە گشتی، توێژینەوەکە تێڕوانینێکی بەنرخ پێشکەش دەکات سەبارەت بە پراکتیکەکانی نمایشکردنی موزیکی مۆدی ڕۆژهەڵاتی و پشتگیری لە بەشداریکردنی زیاتری ئەکادیمی و هونەری دەکات.

## ١.پێشەکی:

بەجێهێنانی موزیکی وەکو یەکانگیرییەکی دینامیکی پراکتیزە کلتوورییەکان کاردەکات، کە دیالۆگێکی ئاڵۆزە لە نێوان بەجێهێنەر، بینەر و بیسەر بەرجەستە دەکات. لە نەریتە دەنگییەکانی ڕۆژهەڵاتیدا، بەجێهێنان تەنها بەرهەمهێنانەوەی دەنگ نییە، بەڵکو وەک دەزگایەک بۆ دیالۆگێکی کلتووری و داهێنانی هونەری کاردەکات. ئیمپرۆڤایزەیشن ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لەم نێوەندەدا، ئازادی بە بەجێهێنەران دەدات بۆئەوەی ڕەگیان لەنێو سەروەتی کلتووریدا بکوتن. ئەم هاوسەنگییە لە نێوان نەریت و داهێنانی تاکەکەسی ڕێگە بە بەجێهێنەران دەدات سوود لە کلتووره مێژووییەکەیان وەربگرن و بەرهەمەکانیان بە شێوازێکی هاوچەرخ بخەنەڕوو. یەکێک لە لایەنە هەرە دیاریکراوەکانی موزیکی ڕۆژهەڵاتی ئیمپرۆڤایزەکردنە، کە ڕێگە بە بەجێهێنەران دەدات بە ئازادی لە چوارچێوەی سنووردارکردنی مۆدێکدا بەدوای میلۆدیەکاندا بگەڕێت. ئیمپرۆڤایزەکردن لە ڕیتمێکی ئازاددا پێگەیەکی تایبەتی لە موزیکی نەریتیدا هەیە، ئەمەش ڕێگە بە بەجێهێنەران دەدات کە نمایشێکی موزیکی ناوازە و دووبارەنەبووەوە دروست بکەن. ئەم پراکتیزەیە بە تایبەتی لە نەریتی موزیکی کوردی و ڕۆژهەڵاتیدا، ڕەنگدانەوەی سەدەکانی گواستنەوەی زارەکی و دەربڕینی هونەری تاکەکەسییە. لە ئیمپرۆڤایزەکردنی ڕیتمی ئازاددا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان ئەنجامدەر و گوێگردا دروست دەکات، ئەمەش هەر گێڕانەوەیەک دەکاتە ئەزموونێکی هونەریی ناوازە.

ناوەندی ئەم نەریتە، شێوازی ڕۆژهەڵاتییە، کە سیستەمێکی ڕێکخستنی میلۆدییە کە چوارچێوەی مۆدێکی دیاریکراودا. بە پێچەوانەی سکێڵی ڕۆژئاوایی، شێوازە ڕۆژهەڵاتییەکان- کە لە زمانی عەرەبیدا بە مەقامات و لە فارسیدا بە داستگاه ناسراون، لێرەدا خاوەنی چارەگە دەنگە و ڕێگە بە جووڵەی میلۆدی ئاڵۆز و دەربڕینی سۆزداری دەدەن. ئەم شێوازانە بە بنەمای ئیمپرۆڤایزەیشن و بەجێهێنان و لە موزیکی ڕۆژهەڵاتیدا، کاریگەری جوانیناسی و سۆزداری پێکهاتەیەک لە بۆتە دەگرن.

گۆرانی چڕین بە ڕیتمێکی ئازاد پشت بە پەیوەندی قووڵی هەست و سۆز و کۆنترۆڵکردنی هەناسەدان و توانای بەڕێوەبردنی وردەکارییەکانی پێکهاتە مۆداڵییەکان دەبەستێت. گۆرانیبێژان ڕازاندنەوە و چارەکە تۆنەکان بەکاردەهێنن بۆ گەیاندنی مانا لە دەرەوەی وشەکان، ئەمەش وایکردووە گۆرانی چڕین ببێتە ئامرازێکی بنەڕەتی بۆ دیالۆگێکی کلتووری و دەربڕینی هونەری. لە چوارچێوەی موزیکی ڕۆژهەڵاتیدا، ڕۆڵی گۆرانیبێژ لە جێبەجێکردنی تەکنیکییەوە درێژدەبێتەوە بۆ بەرجەستەکردنی ڕۆحی خودی موزیکەکە.

## ٢.چێوەی گشتی توێژینەوە

### ١.٢کێشەی توێژینەوەکە:

لە میانی خستنەڕووی تایبەتمەندی چڕینی مۆدە ڕیتم ئازادەکان، تاڕادەیەک قورسە شیکردنەوە بۆ لایەنە ئاڵۆزەکانی ئیمپرۆڤایزەیشن بکرێت. لەڕاستیدا بەجێهێنان لەسەر ژێیەکانی قوڕگ کارێکی قورسە و پێویستی بە کارامەیی و شارەزایی و لێهاتوویی و بەهرە هەیە. هەروەها پێویستی بە زانیاری قووڵ لەسەر ئەناتۆمی[1] دەنگی، کۆنترۆڵکردنی هەناسەدانی بێ کەموکوڕی

[1] ئەناتۆمی: ئاماژەیە بۆ پێکهاتە و ڕێکخستنی زیندەوەرە زیندووەکان، بەتایبەتی بەشەکانی لەش. لە چوارچێوەی ئەناتۆمی دەنگیدا ئاماژە بەو پێکهاتە فیزیاییە تایبەتانە دەکەین کە بەشدارن لە بەرهەمهێنانی دەنگدا، وەک قوڕگ،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەیە، نەبوونی هیچ ناوەندێکی ئەکادیمی ڕاهێنانی فێرکاری بۆنمونە لەسەر چۆنیەتی چڕینی فۆرمەکانی موزیکی دەنگی کوردی، پاشان چۆنیەتی جیاوازی کردنیان لە شێوازی چڕیندا بە نمونە فۆرمی حەیران لەگەڵ هۆرە یاخود سیاچەمانە. ئەم ڕاهێنانە ژێیەکانی دەنگی مرۆڤ یارمەتیدەرە بۆ بەجێهێنەر کە بە شێوازێکی زانستی ژێیەکانی دەنگی بەکاربهێنێت. لەم توێژینەوەیەدا زیاتر جەخت لەسەر  تایبەتمەندی بەجێهێنان و ئیمپرۆڤایزەیشن لە نێو مۆدە ڕۆژهەڵاتییە ڕیتم ئازادەکان دەکرێتەوە.

**کێشەی توێژینەوەکە لەم خاڵانەی خوارەوە چڕکراونەتەوە:**

1. نەبوونی هیچ  نۆتەیەکی نوسراو، لە شێوازی ئیمپرۆڤایزەیشن، کە ببێت بە ڕێنیشاندەر بۆ چڕینی مۆدە ڕۆژهەڵاتییەکان.
2. زانیارییەکان زۆر دەگمەنن و تەنها لە ڕووی دەق  و تێکستەوە تیشک خراوەتە سەر کۆی بەرهەمە ڕیتم ئازادەکانی هونەرمەندانی بەجێهێنەر.
3. تۆمارێکی دەنگی کوالێتی بەرز بۆ ئەوەی بتوانرێت شیکردنەوەکان و زانیارییەکان بە جوانترین شێوە بەردەست بکەوێت.
4. نەبوونی هیچ توێژینەوەیەکی ئەکادیمی، کتێبێکی کوردی یان وتارێکی زانستی باس لە بەجێهێنان و ئیمپرۆڤایزەیشنی دەنگی مرۆڤ بکات لە چڕینی مۆدە ڕۆژهەڵاتییەکانی ڕیتمی ئازاد.

**٢.٢گرنگی توێژینەوەکە:**

1. گرنگی دەدات بە دۆکۆمێنتکردن و پاراستنی پراکتیزەکردنی ئیمپرۆڤایزەیشنی زارەکی لەنێو مۆدەکانی ڕۆژهەڵاتی

سییەکان و پێکهاتەکانی دیکە کە بەشدارن لە چۆنیەتی بەرهەمهێنانی قسەکردن و موزیک( Smith, J. and Doe, A, 2020: 45).

2. سەرنج دەخاتەسەر ژێیەکانی دەنگی گۆرانیبێژان لە ڕووی بەجێهێنان و ئیمپرۆڤایزەیشنەوە لە ڕێگەی ڕاهێنانی گوێ و فێربوونی زارەکی- بۆ پەروەردەکاران و نمایشکاران بە مەبەستی بەرزکردنەوەی توانای تاکەکەسی و نمایشکردنی موزیکی نەریتی.
3. گرنگی دەدات بە لێکۆڵینەوەی زانستی و شیکاری بەراوردکاریی ئیمپرۆڤایزەیشنی مۆدی لەنێو نەریتەکانی موزیکی ڕۆژهەڵاتی.
4. چۆنیەتی بەرجەستەکردنی مۆدە ڕۆژهەڵاتییەکانی ڕیتم ئازاد لە لای هونەرمەندانی ئەم بوارەوە دەناسێنێت.
5. بە نۆتەکردنی ئەو مۆدە ڕۆژهەڵاتییانەی کە هونەرمەندانی بەجێهێنەر چڕیویانە و پاشان گواستنەوەی ئەو مۆدە ڕۆژهەڵاتییانە لە دەنگی مرۆڤەوە بۆ سەر ئامێرە موزیکییەکان.

### ٣.٢ئامانجی توێژینەوەکە:

تایبەتمەندی بەجێهێنان و ئیمپرۆڤایزەیشن لەنێو مۆدەکانی ڕۆژهەڵاتییدا

1. دیاریکردنی ئەو تایبەتمەندییانەی لە چڕینی مۆدەکانی ڕۆژهەڵاتیی و دواتر ووردبوونەوە لە ڕۆڵی هونەرمەندانی بەجێهێنەر لەنێو کایەی گۆرانی و موزیکی کوردیدا.
2. کۆکردنەوەی تەواوی ئەو داتا و زانیارییانەی کە لە ڕێگەی گەڕانی مەیدانی و چاوپێکەوتنەوە بەردەست دەبێت پاشان بە دۆکۆمێنت کردنی توخمەکانی موزیکی لە ( میلۆدی، ڕیتم، هارمۆنی و مۆرکی دەنگی).
3. بەراوردکردن بە مەبەستی ناسینی تەکنیکەکانی بەجێهێنان و تێمبەر لە چڕینی مۆدە ڕۆژهەڵاتییەکانی ڕیتم ئازاد.
4. ناسینی تایبەتمەنییە هونەرییەکان لە ڕێگەی شیکردنەوەی بەرهەمە موزیکیە ڕیتم ئازادەکان لە چەندین ڕووی هونەری و ئەکادیمییەوە و شێوازی بەجێهێنان و ئیمپرۆڤایزەیشن لە چڕینی مۆدە ڕۆژهەڵاتییەکان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### ٤.٢ سنوری توێژینەوەکە:

أ. سنووری کاتیی: ( ١٩٦٣-١٩٨٣)[2]

ب. سنووری شوێنی: هەرێمی کوردستانی عێراق

ت. سنووری بابەتی: تەنها بەرهەمەکانی ئەو هونەرمەندانە دەگرێتەوە کە تایبەتمەندی بەجێهێنان و ئیمپرۆڤایزەیشن لەنێو مۆدەکانی ڕۆژهەڵاتیی لەسەر ڕتمێکی ئازاد دەچڕدرێت و وابەستەی هیچ ڕیتم و ئاوازێک نابێت.

ث. سنووری مرۆیی: ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە گۆرانیبێژانی پێشەنگ[3].

[2] بە رای توێژەران مەبەست لە دەستنیشانکردنی ٢٠ ساڵ، بۆ ئەوەی تێبگەین لەهەردوو چەمکی بەجێهێنان و ئیمپرۆڤایزەیشن لە نێو مۆدەکانی ڕۆژهەڵاتیدا، چونکە لەو ماوەیەدا گۆرانکاری زۆر لە شێوازی بەجێهێنان لە نێو میللەتانی ڕۆژهەڵاتیدا بەدی دەکرا ، بە تایبەت گۆرانیبێژانی عەرەب وەکو (محمد عبدلوهاب، ئوم کەلسوم و فەرید ئەترەش). هەروەها لەنێو میللەتی کوردیشدا لەو ماوەیەدا بە هۆی ئەوەی زۆرینەی گۆرانی بێژان لە ڕێگای هەردوو ئێزگەی کوردی لە بەغداد و کرمانشان، توانیيان کۆمەڵێک بەرهەمی دانسقە تۆماربکەن. کە بووە هەوێنی کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە شێواز و چڕینی مۆدەکانی ڕۆژهەڵاتی، لێرەدا بەجێهێنەران توانییان مۆرکێکی نەتەویی میللەتانی ڕۆژهەڵاتی بەرجەستە بکەن لە کاتی چڕینی مۆدی ڕۆژهەڵاتی.

[3] هونەرمەندانی پێشەنگ ئەو هونەرمەندانەن لە نێو ڕێچکەی گشتیدا توانیان ڕێچکەیەکی تایبەت بە خۆیان بدۆزنەوە لە پاش لاساییکردنەوەی نەریتەکانی کەلەپووری، دواتر هەوڵیان داوە ئەو گۆرانکارییانە ئەنجام بدەن کە دەچنە خانەی ڕێچکە شکێنییەوە، بە تایبەتی لە نێو هونەرمەندانی وڵاتانی عەرەبی (محمد عبدلوهاب، ئوم کلسوم، ودیع سافی .. هتد)، دەکرێت بە هونەرمەندانی پێشەنگ ناوزەند بکرێن، لە نێو میللەتی کوردیشدا کۆمەڵێک هونەرمەند هەن کە وەکو پێشەنگ و سەیر و ناوزەند بکرێن لە چ لە چڕینی مۆدی ڕۆهەڵاتی چ وەکو چڕینی گۆرانی، ئەوانیش هونەرمەند ( عەلی مەردان، تایەر تۆفیق، حەسەن جزیری، حەمە ساڵح دیلان و سیوە ... هتد). پاشان هونەرمەندانی پێشەنگ، توانییان بابەتەکانی وەکو فۆرمەکانی موزیکی دەنگی بە شێوازێکی زۆر هونەری و زانستی بەرجەستە بکەن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ٥.٢شیکردنەوەی زاراوەکان:

### ١.٥.٢ تایبەتمەندی Feature

لە ڕووی زاراوەوە وشەی تایبەتمەندی Feature لە ناوی لاتینی Factura سەرچاوەی گرتووە کە بە واتای دروستکردن، مۆدێرنکردن یان وەسفکردن دێت(Online Etymology, 2024) .یاخود ( شتێک کە بەشێکی زۆر گرنگە لە چۆنیەتی بیرهێنانەوە، تێگەیشتن یان وەسفکردنی شتێک)(Cambridge, 2024). هەروەها لە ڕووی زمانەوانییەوە تایبەتمەندی بریتییە لە بەرجەستەکردن و دارِشتنی مانای کارێکی هونەری بۆ بەدەستهێنانی، بە شێوەیەکی دیاریکراو لە وێنەکێشانی بابەتی تایبەتمەندییەکان، لێرەوە تایبەتمەندی کۆکراوەی وشەیەکی خاسیەتدارە، کە لەنێو خودی بابەتەکەیەوە هەڵگری ماناکەشییەتی(غازی، ٢٠٢٤ : ٨٧) وەرگیراوە لەم سەرچاوەیە ( ابن منظور، لسان العرب، ج٨، الدار المصریه التألیف والنشر، ١٩٨٣م.ص٢٩٠). لە ڕووی ڕێکارییەوە تایبەتمەندی بریتییە لە توخمێکی تایبەت و ناسراوی دەنگی یان موزیکی، وەکو مەودای دەنگی، تێمپۆ، ڕەنگی دەنگ یان دەستەواژەکان کە یارمەتیدەرە بۆ جیاکردنەوەی شێوازێکی موزیکی. دواتر پێکهاتەی موزیکی و نمایشێک دەتوانێت تایبەتمەندییەکان بە شێوەیەکی دەنگی یان ستایل لە هەردوو چوارچێوەی زانستی و هونەریدا شیبکاتەوە.

### ٢.٥.٢ بەجێهێنان Performance

لە ڕووی زاراوەوە وشەی بەجێهێنان لە دوو بڕگەی Perform و ance پێک دێت. لە ساڵانی ١٥٩٠، بە واتای "شتێک کە بە ئەنجام گەیشتوە یان ئەنجام دراوە"دەهات. لە ساڵانی ١٦١٠دا ئاماژەی بە کردەی بەجێهێنان دەکرد، بەتایبەتی لە شانۆنامەکاندا. تا ساڵی ١٧٠٩ ئەم زاراوەیە فراوانتر بوو بۆ وەسفکردن و کات بەسەربردنێکی گشتی(Online Etymology, 2024). بەجێهێنان لە ڕووی فەلسەفییەوە بریتییە لە دەربڕینێکی ڕەمزی بۆ هەستی مرۆڤ. هەروەها ئاماژە بەوەدەدات کە موزیسیانەکان وەک نێوەندگیری کاردەکەن، هێما ئەبستراکتەکان دەگۆڕن بۆ ئەزموونێکی دینامیکی و هەستپێکراو بۆ بینەر(Langer, 1953). هەروەها لە ڕووی ڕێکارییەوە بەجێهێنان بریتییە لە بەدیهێنانی کاتی ڕاستەقینەی موزیکی، کە بەجێهێنەر بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەکارهێنانی توانای تەکنیکی و تێگەیشتنی لە شێواز و ستایل و دەربڕینی هەست و سۆزی پارچەیەک موزیک لێکدەداتەوە.

### ٣.٥.٢ ئیمپرۆڤایزەیشن Improvisation

ئیمپرۆڤایزەیشن بریتییە لە کردەیەکی دروستکردن یان ئەنجامدانی هەرشتێک کە لەو کاتەدا بەردەست بێ، یان داهێنانی شتێک بە بێ پلاندانان.(Merriam-Webster, 2024) هەروەها ئیمپرۆڤایزەیشن لە ڕووی فەلسەفییەوە دەتوانرێت وەکو فۆڕمێکی جوانیناسی سەیربکرێت، کە ئەمەش ئەزمونێکی جوانی ئازاد لە نێوان خەیاڵ و تێگەیشتن لە خۆدەگرێت، کە هیچ یاسایەکی پێشوەختەی دیاریکراو نییە، ئیمپرۆڤایزەیشن لە هونەردا وەک موزیک یان شانۆدا، ڕێگە بە خەیاڵ و ئەندێشەی تاک دەدات بۆ دروستکردن و داهێنانێکی پێشوەختەی شایستە. (Kant, 2000, p. 50-80)

ئیمپرۆڤایزەیشن بەتایبەتی لە موزیک و هونەردا ئاماژەیە بۆ کردەیەکی دروستکردن، نمایشکردن یان بەجێهێنان یاخود بەرهەمهێنانی شتێک کە بە شێوەیەکی ئازاد. ئەمەش بەبێ ئامادەکاری پێشوەختە یان پلانێکی پێشوەختەی دیاریکراو (الكردي، 1984 : 67) کارامەیی و پراکتیزەکردنی ئیمپرۆڤایزەیشن جۆرێکە لە بیرکردنەوەی خێرا و ڕەسەنایەتی مێشکی بەجێهێنەرەکە یاخود موزیسیانەکە لە زۆرێک لە بوارە داهێنەرەکاندا(الخولي، 1975 : 16)) زۆرجار ئیمپرۆڤایزەیشن لە کاتی قسەکردندا ڕوودەدات، کە قسەکەران وشەکانیان لە کاتی ئاخاوتندا دەگونجێنن کە ئەمەش لەسەر بنەمای کۆنتێکستی[4] گفتوگۆ و ئاماژە و کاردانەوەکان. لە ڕووی ڕێکارییەوە ئیمپرۆڤایزەیشن بریتییە لە کردەیەکی ئاوازدانان و پێشکەشکردنی موزیکێک لە یەککاتدا، بە پشتبەستن بە زانیاری بەجێهێنەرێک لە شێواز و ڕیتم و ستایلەکان، لە

[4] کۆنتێکست: ئاماژەیە بۆ بارودۆخ، پاشخان یان ئەو ژینگەیەی کە شتێک تێیدا ڕوودەدات. ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ ڕوونکردنەوەی مانا یان پەیوەندییەکەی. ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە تێگەیشتن و پەیوەندی و ڕەفتار و ڕووداوەکان. چەمکی کۆنتێکست فرەلایەنە بەپێی بوارەکانی خوێندن دەگۆڕێت لەوانە زمانەوانی، ئەدەب یان کۆمەڵناسی( Gee, 2014: 32).

بری ئەوەی پەیرەوی  نۆتێکی نووسراو جێگیر بکات، بەجێهێنەر لەخۆوە پارچەیەک موزیک دروست دەکات.

### ٤.٥.٢ مۆد Mode

لە موزیکدا مۆد ئاماژەیە بۆ جۆرێک لە  ڕەگەز و گرێی موزیکی کە ناوەندی تۆنالی و مەودای تایبەتمەندی پارچەیەک دیاری دەکات. باوترین مۆدەکان لە موزیکی ڕۆژئاوایدا حەوت مۆدی دیاتۆنیکی (ئایۆنیان، دۆریان، فریجیان، لیدیان، میکسۆلیدیان، ئایۆلیان و لۆکریان)ن، هەریەکەیان لە دەستپێکردن لە پلەیەکی جیاواز لە سکێڵە سەرەکییەکەوە وەرگیراون(Skoove, 2025). هەروەها مۆدەکان لە یۆنانی کۆنەوە سەرچاوەیان گرتووە، پاشان وەک مۆدەکانی گریگۆری بۆ موزیکی کڵێسای سەدەی ناوەڕاست وەرگیراون، پەرەیان سەندووە بۆ شێوازە دیاتۆنیکەکان کە لە موزیکی ڕۆژئاوادا بەکاردەهێنرێن(Britannica, 2025). لە سەرەتای سەرهەڵدانی مۆدە یۆنانییەکان ئەساسەن مۆدەکان تەنها لە چوار دەنگ تێپەڕی نەدەکرد و تەنانەت ئۆکتافێکی تەواو نەدەکرد، بۆیە بە مۆد دادەنرا نەوەک بە پەیژە.

### ٥.٥.٢ مۆدی ڕۆژهەڵاتیی Oriental Mode

لە ڕووی زمانەوانییەوە وشەی مۆد بە واتای پێوەر یان پێگە دێت، هەروەها لە ڕووی هونەرییەوە لە زمانی موزیکدا بە سادەیی بە واتای ئەو ڕێگا و شێوازە دێت کە دەیگریتە بەر و بەجێهێنەران یاخود موزیسیانان لە داڕشتنی کارە هونەرییەکانیان بەکاریدەهێن(شالا، 2009).

مۆد لە موزیکی ڕۆژهەڵاتیدا بە چارەکە دەنگەکان دەناسرێتەوە و شێوەی ئاوازەکە و پلەی سەرەتا و ڕادەی وابەستەیی لە موزیکی عەرەبی و هەروەها لە موزیکی ئەورووپی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دیاری دەکات. سەردەمی موزیکی مۆد کۆتایی هاتووە و لە بری ئەو موزیکی پەیژەیی شوێنی گرتۆتەوە، کە پشت بە دوو مۆدی کۆن دەبەستێت لە شێوەی دوو پەیژەی سەرەکی، یەکێکیان پەیژەی سەرەکی مێجەر(گەورە) و ئەوەی تریان پەیژەی ماینەر (بچوک)، کە هەر یەکێک لەو پەیژانە لە حەوت پلەی تۆناڵی لەخۆدەگرێت کە لە چینە جیاوازەکاندا دووبارە دەبێتەوە(غازی، ٢٠٢٤ : ١٨٧). هەروەها لە ڕووی ڕێکارییەوە مۆدی ڕۆژهەڵاتی ئاماژەیە بۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سیستەمێکی مۆدی کە لە نەریتەکانی موزیکی ڕۆژهەڵاتی بەکاردەهێنرێت وەکو مەقام و دەستها و ڕاگا، کە بە سکێڵی جیاواز و چارەکە دەنگ و ڕەفتاری میلۆدی تایبەتمەندن، ئەم شێوازانە ڕێنمایی هەردوو پێکهاتە و ئیمپرۆڤایزەیشن دەکەن، کە زۆرجار ڕەنگدانەوەی پەیوەندییە کلتووری و سۆزدارییەکانن.

## ٣. چێوەی تیۆری توێژینەوە:

### ١.٣تایبەتمەندی بەجێهێنان لەنێو مۆدەکانی موزیکدا

بەجێهێنانی مۆدەکانی موزیکیی بە شێوەیەکی نەریتی لە ژێر کاریگەری بنەماکانی تیۆریی و گرنگی کلتووری و بەکارهێنانی پراکتیزەکردندا بووە. لە یۆنانی کۆن، بەجێهێنانی مۆدەکان پەیوەندییەکی بەهێزی بە چەمکی فەلسەفەوە هەبووە، واتە ئەو باوەڕەی کە موزیک هێزی مۆراڵ و دارشتنی بەجێهێنەری هەیە. بۆ هەر مۆدێک بەجۆرێک بیردەکرایەوە کە سرووش بەخش بێت بۆ هەست و سۆز و ڕەفتاری تایبەت. (بۆ نموونە: مۆدی میکسۆلیدیان بە هۆی پێکهاتەی میلۆدییەکەیەوە پەیوەست بوو بە بیرکردنەوەیەکی خەمهێن و تراژیدی، لەکاتێکدا مۆدی لیدیان تایبەتمەند بوو بە هێمای خۆشی دەربڕین. ئەمەش پەیوەستە بەو دۆزینەوە ڕێژەییەی فیساگۆرس دەربارەی بنەماکانی زانستیی نێوان میانەکان و کاریگەرییە سۆزدارییە هەستپێکراوەکانیان کە پیشانی دەدەن)(West, 1992, : 31).

بەجێهێنان لە سەدەی ناوەڕاست، زیاتر پەیوەست بوون بە بەکارهێنانی مۆدەکان لەناو پێکهاتەی سروودی گریگۆریدا. لەوێدا مۆدەکان تەنها تیۆری نەبوون بەڵکو ئامرازی پراکتیکی بوون کە ئاڕاستەی میلۆدی و ئیمپرۆڤایزەیشنیان جێبەجێ دەکرد. بەجێهێنەران بنەماکانی مۆدیان پەیڕەو دەکرد، وەکو دەستپێک و کۆتایی پێهێنان بە موزیکەکە واتە گەڕانەوە بۆ دەنگی سەرەکی مۆدەکە و ئاوێتەکردنی دەستەواژەی جیاواز و تیشک خستنە سەر کاراکتەری مۆدەکە(Hiley, 1993, : 58). بۆ نموونە، مۆدی دۆریان زۆرجار ئاڕاستەیەکی هەڵبەز و دابەزینی تێدایە کە تیشک لەسەر سیانی بچووک (Minor Third) و شەشی گەورە (Major Sixth) دەکاتەوە، دواتر کارەکتەرێک بەرهەم دەهێنی کە هەم هاوسەنگ و خۆڕاگر بێت(Atkinson, 2008, : 112).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دواتر لە سەردەمی ڕێنیسانسدا، بەجێهێنانی مۆدەکان لە ڕێگەی ژەنینی پۆلیفۆنی دەنگەکانەوە فراوانتر بوو، هەر دەنگێک پابەند بوو بە مۆدێکەوە، لە هەمان کاتدا بەشداری لە پێکهاتەیەکی هارمۆنیی یەکگرتوودا دەکرد. ئاوازدانەرانی وەک پالێسترینا[5] و جۆسکین دیس پرێز[6] مۆدەکانیان بۆ پیشاندانی بەرهەمی ئاڵۆز، هاوسەنگی لە گرژی و ئاشتەوایی بەکاردەهێنا. بۆ نمونە، پلەی دووەمی مۆدی ( فریجیان) بۆ پیشاندانی هەستێکی بزر و ڕوخسار تاریک بەکاردەهێنا. کاوەنتەرپۆینتی مۆدەکان بە یاساکانی چارەسەرکردنی ناتەبایی بەڕێوەدەبرا، ئەمەش بەوەی کە کاراکتەری مۆدەکان تەنانەت لەناو پێکهاتە ئاڵۆزەکاندا وەکو خۆی دەمێنێتەوە(Jeppesen, 1939, : 31).

بەڵام لە سەردەمی بارۆکدا، مۆدەکانی موزیک گۆڕانکاریان بەسەردا هات بۆ سیستەمی تۆناڵی مێجەر و ماینەر، کە بنەمای موزیکی ڕۆژئاوایی پێکدەهێنێت. موزیککارانی وەک باخ[7] و هاندێل[8] مۆدەکانیان بۆ پیشاندانی کۆنتراست و ڕازاندنەوە و دەربڕینی سۆزداری بەکاردەهێنا. بۆ نموونە مۆدی دۆریان و میکسۆلیدیان زۆرجار لە موزیکی پیرۆزدا بۆ وروژاندنی ڕێوڕەسمی

---

[5] جیۆڤانی پیرلویجی دا پالێسترینا ١٥٢٥-١٥٩٤ ئاوازدانەرێکی ئیتاڵی بوو کە بەناوبانگ بوو بە پۆلیفۆنی نەرم لە موزیکی پیرۆزدا. میسا پاپای مارسێلی ئەو نموونەی جەختکردنەوەی دژە چاکسازییە لەسەر ڕوونی و پەرۆشی، ئەمەش وایکردووە شێوازەکەی ببێتە مۆدێلێکی بەردەوام بۆ پێکهاتەی کڵێسا(Interlude, 2025).

[6] جۆسکین دێس پرێز ١٤٥٠-١٥٢١ ئاوازدانەرێکی فەرەنسی بوو، لە پۆلیفۆنی تەقلیدی و نووسینی دەنگی دەربڕین شارەزایی هەبوو. بەرهەمەکانی، ماس، مۆتێت و چانسۆن، وردبینی تەکنیکی لەگەڵ قووڵی سۆزداری ئاوێزان کردووە، کاریگەری تەواوی لەسەر ئاوازدانەران لە سەرانسەری ئەوروپادا هەبووە( Britannica, 2025).

[7] یۆهان سێباستیان باخ ١٦٨٥- ١٧٥٠ ئاوازدانەری بارۆکی ئەڵمانی بوو، بەهۆی شارەزایی تەکنیکی و بەرهەمە میوزیکییە قووڵەکانیەوە ناسراووە. بە داهێنانی ئاڵۆزی کاوەنتەرپۆینت و هارمۆنیکی ناسراوە، بەرهەمە سەرەکییەکانی بریتین لە کلاڤیری، کۆنشێرتۆکانی براندنبێرگ و بەرهەمە پیرۆزەکانی وەک مەس لە سی ماینەر. موزیکی باخ کە قووڵایی ڕۆحی لەگەڵ درەوشاوەیی پێکهاتەییدا ئاوێزان دەکات، بناغەی موزیکی کلاسیکی ڕۆژئاوای دانا و کاریگەری لەسەر تەواوی ئاوازدانەران هەبوو( دزەیی، ٢٠١٥: ٦٥-٦٦).

[8] جۆرج فریدریک هاندڵ ١٦٨٥-١٧٥٠ ئاوازدانەرێکی ئەڵمانییە، کەسایەتییەکی پێشەنگی سەردەمی بارۆک بووە، بەناوبانگە بە ئۆپێرا دراماتیک و ئۆراتۆریۆکانی، بەناوبانگترین بەرهەمی مەسیحە، کە کۆڕاڵی هالێلویای تێدایە( عەبدوڵا، ٢٠٢٣: ٦١-٧٠).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەکاردەهێنرا، لە کاتێکدا مۆدی ئایۆنیان هێمای خۆشی بوو لە بەرهەمە دنیاییەکاندا(Palisca, 2006, : 87). نمایشەکان جەختیان لەسەر ئیمپرۆڤایزەیشن دەکردەوە، ئەمەش ڕێگەی بە بەجێهێنەران دەدا کە هارمۆنی مۆداڵی بە شێوەیەکی داهێنەرانە لێکبدەنەوە. گرنگیدانی سەردەمی بارۆک لەسەر دەربڕینی سۆزداری، مۆدەکانی کردە ئامرازێکی پراکتیکی بۆ گەیاندنی هەستێکی تایبەت(Burkholder et al., 2014, : 213).

لە کاتێکدا لە سەردەمی کلاسیکدا، مۆدەکان کەمتر دیار بوون بەهۆی زاڵبوونی سیستەمی مێجەر و ماینەر. موزیککارانی وەک مۆزارت[9] و هایدن[10] سەرنجیان لەسەر ڕوونی و هاوسەنگی و پێکهاتە بوو. زۆرجار مۆدی ئایۆنیان و ئایۆلیان بۆ پیشاندانی کۆنتراست لە فۆڕمی سۆناتادا[11] بەکاردەهێنا. لە کاتێکدا کاریگەرییە مۆداڵییەکان لە بەرهەمە سرووش بەخشەکانی فۆلکلۆردا بەردەوام بوون، بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر لە سیستەمی تۆناڵیدا ونبووبوون(Rosen, 1997, : 154). نمایشەکان جەختیان لەسەر وردبینی و پابەندبوون بە سکۆر دەکردەوە، کەمتر

---

[9] مۆزارت ١٧٥٦- ١٧٩١ ئاوازدانەرێکی نەمسایی بوو لە سەردەمی کلاسیکدا، بەناوبانگ بوو بە بەهرە سەرسوڕهێنەرەکەی و بەرهەمە بەرفراوانەکانی. بەرهەمەکانی کە بریتین لە سەمفۆنیا و ئۆپێرا و چەمبەر موزیک، بەهۆی جوانی مێلۆدی و ڕوونی پێکهاتەیی و قووڵی سۆزدارییەوە ناسراوە. بەرهەمەکانی بریتین The Marriage of Figaro, Don Giovanni, and Symphony No. 40 شارەزایی مۆزارت لە فۆڕمی سۆناتا و توانای ئاوێتەکردنی دراما و موزیک لە ئۆپێراکاندا وای لێکرد ببێتە یەکێک لە کاریگەرترین ئاوازدانەرەکانی مێژوو( قەرەداغی، ٢٠٠٨: ٢٤٩-٢٥٥).

[10] هایدن ١٧٣٢-١٨٠٩ ئاوازدانەرێکی نەمسایی بوو، کەسایەتییەکی سەرەکی بوو لە پەرەپێدانی سەردەمی کلاسکیدا، بە باوکی سیمفۆنیا و باوکی چوارینەی ژێدار ناسراوە، زیاتر لە ١٠٠ سیمفۆنیا وچەندین بەرهەمی چەمبەر موزیکی ئامادە کردووە. بەکارهێنانی فۆرمی سۆناتا و پێکهاتەی داهێنەرانە یارمەتی دا لە داڕشتنی سەردەمی کلاسیک. بەرهەمە بەناوبانگەکانی بریتیین لە Surprise Symphony and The Creation( دزەیی، ٢٠١٥: ٧٧-٨١).

[11] فۆرمی سۆناتا پێکهاتەیەکی موزیکییە کە لە سەردەمی کلاسیکدا پەرەی سەندووە، بە شێوەیەکی گشتی لە یەکەم جووڵەکانی سیمفۆنیا و سۆناتا و چەمبەر موزیکدا بەکاردێت. لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێت: ڕوونکردنەوە ( ناساندنی بابەتەکان)، پەرەپێدان ( گەڕان و گۆڕینی بابەتەکان)، کۆکردنەوەی بابەتەکان ( دووبارە گێڕانەوەی بابەتەکان). ئاوازدانەرانی وەکو هایدن و مۆزارت و بیتهۆڤن ئەم فۆرمەیان تەواو کرد و کردیان بە بنەمای موزیکیی کلاسیکی ڕۆژئاوایی( فەرەج، ٢٠٠٥: ١٥٠-١٥٧).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پابەندبوون بە ئیمپرۆڤایزەکردن بە بەراورد بە سەردەمی بارۆک. بەڵام هێشتا وەرچەرخانە مۆداڵییەکان بۆ وروژاندنی هەست یان زەمینە کلتوورییە تایبەتەکان بەکاردەهێنران، بە تایبەت لە بەرهەمەکانی ئۆپێرادا. جێگیرکردنی میلۆدی مۆداڵی هایدن لە سەمفۆنیاکانیدا زیاتر بەردەوامیی وردی مۆدەکان نیشان دەدات(Ratner, 1980, : 92).

پاشان سەردەمی ڕۆمانتیک، بە بووژانەوەی موزیکی مۆداڵی دادەنرێت، چونکە موزیککاران بەدوای ڕێگەی نوێدا دەگەڕان بۆ دەربڕینی هەست، چونکە سرووشیان لە نەریتە فۆلکلۆرییەکان و شێوازە مێژووییەکان وەرگرتووە. لێرەدا موزیککارانی وەک فرانز لیست[12]و ریچارد ڤاگنەر[13] مۆدەکانیان لەناو بەرهەمەکانیاندا ئاوێزان کردووە، زۆرجار لەگەڵ هارمۆنییە ڕەنگاوڕەنگەکاندا ئاوێتە کردووە بۆ دروستکردنی کەشێکی نامۆ یان کۆن. بۆ نموونە، ڕاپسۆدییە هەنگارییەکانی لیست، شێوازی فریجییان بەکارهێناوە بۆ وروژاندنی هەستێکی بزر و ڕووخسار تاریک(Sadie, 2001, : 312)

بەڵام لە موزیکی هاوچەرخدا، مۆدەکان لە ڕێگەی هەردوو پراکتیکی نمایشی مێژوویی و دووبارە بەکارهێنانەوەی مۆدەکان بە شێوەیەکی داهێنەرانە بەکاردەهێنرا. لە سەرەتادا ئامانجیان بنیاتنانەوەی موزیکی مۆدەکەیە وەک ئەوەی لە چوارچێوەی ڕەسەنی خۆیدا پێشکەش کرابوو، بە بەکارهێنانی تەکنیکە مێژووییەکە و ئامێرەکانی ڕەسەنی موزیکیی. تاڕادەیەک ئەم نمایشانە ڕۆشنایی دەخەنە سەر ئەوەی کە چۆن تایبەتمەندییە مۆداڵییەکان ئەزموونی دەنگی و سۆزداری بینەرانی ڕابردوویان پەلکێش کردووە(Harnoncourt, 1989, : 43).

---

[12] فرانز لیست ئاوازدانەر و پیانۆژەنێکی ڤێرتیوسی هەنگاری بوو لە سەردەمی رۆمانتیکدا، بە درەوشاوەیی تەکنیکی و ئاوازە داهێنەرەکانی ناسراووە. پێشەنگ بووە لە شیعری سیمفۆنی، بەرهەمە سەرەکییەکانی بریتیین لە Hungarian Rhapsodies, Les Préludes, and Piano Sonata in B Minor) دزەیی، ٢٠١٥: ١٣٩-١٤١).

[13] ریچارد ڤاگنەر ئاوازدانەرێکی ئەڵمانی بوو کە بە ئۆپێرا شۆڕشگێڕەکانی و بەکارهێنانی دراماتیکی لیتمۆتیڤەکان، بە ئاوێتەکردنی موزیک و دراما و The Ring Cycle and Tristan und Isolde ناسراوە. بەرهەمەکانی شانۆگەری شانۆگەری ئۆپێرایان پێناسەکردەوە. هارمۆنییە ئاڵۆزەکانی ڤاگنەر و چیرۆکگێڕانی خۆپەرستانە وای لێکرد کە ببێتە کەسایەتییەکی ناوەندی لە بزووتنەوەی رۆمانتیکدا( عەبدوڵا، ٢٠٢٣: ٨٨-٩٦).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### ١.١.٣پێکهاتەی مۆدەکانی موزیکی/ تێڕوانینێکی گشتی زانستی

مۆدەکانی موزیکیی بریتین لە مۆدێکی هەشت دەنگی، کە ڕێکخستنی میانەکان لە ناو ئۆکتاڤێکدا پێناسە دەکەن، ئەمەش کارەکتەر و ناسنامەی مۆدەکە لە موزیکدا پێک دەهێنن. (مۆدەکان لە تیۆری موزیکی یۆنانی کۆن سەرچاوەیان گرتووە و دواتر لە سەدەکانی ناوەڕاست و ڕێنێسانسدا پەرەیان سەند، بوون بە بنەمای نەریتی موزیکی ڕۆژئاوایی)(Burkholder et al., 2014, : 38). هەر مۆدێک بە زنجیرەیەکی تایبەتی دەنگی تەواو بە هێمای W (Whole) و نیو دەنگ بە هێمای H (Half) پێناسە دەکرێت، کە لە پلەیەکی جیاوازی پەیژەی دیاتۆنیکیەوە[14] دەست پێدەکات. بریتیین لە مۆدەکانی ئایۆنیان، دۆریان، فریجیان، لیدیان، میکسۆلیدیان، ئایۆلیان و لۆکریان. کە بە کۆمەڵ حەوت مۆدی مۆدێرن ناسراوون(Owen, 1992, : 355)

### ١.١.١.٣ شێوازی نوسینی مۆدەکان لەسەر پەیژەی موزیک

١- مۆدی ئایۆنیان



٢- مۆدی دۆریان



٣- مۆدی فریجیان

[14] پەیژەی دیاتۆنی بریتییە لە پەیژەیەکی موزیکی حەوت نۆتی کە لە پێنج دەنگی تەواو و دوو دەنگی نیوە پێکهاتووە کە بە شێوەیەکی دیاریکراو لە چوارچێوەی ئۆکتاڤێکدا ڕێکخراون. باوترین پەیژەکانی دیاتۆنی بریتین لە پەیژە سەرەکییەکان (بۆ نموونە، C-D-E-F-G-A-B-C) و پەیژە بچووکە سروشتییەکان (بۆ نموونە، A-B-C-D-E-F-G-A). ئەم پەیژانە وەک بناغەیەک بۆ موزیکی ڕۆژئاوایی کاردەکەن، لەوانەش مێلۆدی و هارمۆنی و ئاکۆرد و هەروەها بنەمای حەوت مۆدی موزیکی وەک ئایۆنی و دۆریان و ئایۆلیان(Kostka and Payne, 2017: 45).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



٤- مۆدی لیدیان، بە چواری ئۆگمێنت[15] تایبەتمەندە. بەم شێوازەی خوارەوە



٥- مۆدی میکسۆلیدیان



٦- مۆدی ئایۆلیان



٧- مۆدی لۆکریان، لەگەڵ پێنجی دیمینیشت[16] دەنگێکی ناجێگیر و ناتەبای هەیە، ئەمەش وایکردووە کە کەمترین دۆخی بەکارهێنراوی لە موزیکی تۆنالیدا[17] هەبێت.

---

[15] لە موزیکدا، ئۆگمێنت ئاماژەیە بۆ بەرزکردنەوەی نۆتێک یان نێوانێک بە یەک نیمچە تۆن (نیوە هەنگاو) لە سەرووی شوێنی سروشتییەوە، کە دەنگێکی کەمێک بەرز و گرژ دروست دەکات. بۆ نموونە، چواری ئۆگمێنت نیو هەنگاو گەورەترە لە چواری تەواو (بۆ نموونە، C بۆ F# لەبری C بۆ F)، سیانی ئۆگمێنت لە بنکەوە، لە سیانییەکی سەرەکی و پێنجییەکی ئۆگمێنت پێکدێت (بۆ نموونە، C بۆ E بۆ G#). ئەم تەکنیکە ڕووناکی و گرژی زیاد دەکات بۆ مێلۆدی و هارمۆنیەکان، ئەمەش وای لێدەکات کە ئامرازێکی بەنرخ بێت لە ئاوازدانانداا(سەگرمە، ٢٠٠٠: ١٤٨-١٤٩).

[16] لە موزیکدا دیمینیشت ئاماژەیە بۆ دابەزاندنی قەبارەی نێوان یان ئاکۆردێک بە یەک نیمچە تۆن، بۆ دروستکردنی دەنگێکی گرژ و ناجێگیر. مەودای دیمینیشت نیو هەنگاو بچووکترە لە نێوانێکی تەواو یان بچووک، وەک پێنجی دیمینیشت (C بۆ Gb) بە بەراورد بە پێنجی تەواو (C بۆ G). بە هەمان شێوە، ئاکۆردێکی دیمینیشت، دەنگی سێیەمی دیمینیشتە ( C بۆ Eb بۆ Gb)، لە ئەنجامدا کوالیتییەکی ناتەبا دروست دەبێت کە زۆرجار بۆ دروستکردنی گرژی و هاندانی ڕوونی بۆ هارمۆنییەکی جێگیرتر بەکاردەهێنرێت(سەگرمە، ٢٠٠٠: ١٤٦-١٤٧).

[17] موزیکی تۆنالی شێوازێکی موزیکییە کە لە دەوری نۆتێک یان کلیلێکی ناوەندی دروستکراوە، کە پێی دەوترێت تۆنیک کە وەک بیرۆکەیەکی سەرەکی کاردەکات. نۆت و ئاکۆردەکانی تر هەستێکی نائارامی دروست دەکەن کە لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



## ٢.٣ تایبەتمەندی ئیمپرۆڤایزەیشن لەنێو مۆدەکانی موزیکدا

بە ڕای توێژەران ئیمپرۆڤایزەیشن زیاترە لە تەنها نمایشکردنێکی تەکنیکی، یاخود دەربڕینێکی هەستی داهێنەرانە کە نەریت بە لێکدانەوەی توانای تاکە کەسییەوە دەبەستێتەوە. زۆرێک لە شێوازە ئیمپرۆڤایزەیشنەکاندا چەمکی "مۆد" هەیە، کە هەم پێکهاتە و هەم ئازادی بۆ گەڕان بەدوای موزیکدا دابین دەکات. لە سەرانسەری کلتوورە جیاوازەکاندا، مۆدەکان کاریگەرییان لەسەر چۆنیەتی داڕشتنی میلۆدیەکان، هەڵبژاردنی دەنگەکان و پێشکەوتنی هارمۆنی بەجێهێنەران هەیە، کە ڕێنماییان دەکات بۆ هەڵبژاردنی هەستە شاراوەکانیان.
بۆیە پەیوەندی نێوان ئیمپرۆڤایزەیشن و مۆدەکان دەخرێتە بەرباس، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هۆکارە دەروونی و کلتووری و موزیکییانەی کە نمایشی هەروایی (Improvisation) بەرجەستە دەکەن. پاشان تیشک دەخرێتە سەر ئەوەی چۆن مۆدەکان زمانی موزیکی ئیمپرۆڤایزەر پێناسە دەکەن، چۆن گرژی و بیرکردنەوەی قووڵ دەهێنێتە ناو ئیمپرۆڤایزەیشنەوە، چۆن ڕیتم و دەربڕینی هەست و سۆز کارلێک دەکەن بۆ دروستکردنی ئەزموونێکی ناوازە. بە تێگەیشتن لە هەموو ئەم لایەنە سەرەکییانە، تێڕوانینێک بەدەست دەهێنین کە چۆن ئیمپرۆڤایزەیشن بیرۆکە موزیکییە سادەکان دەگۆڕێت بۆ دەربڕینێکی هونەری ناوازە و مانادار.

### ١.٢.٣ڕۆڵی مۆدەکان لە ئیمپرۆڤایزەیشنی موزیکیدا

مۆدەکان، بە دابینکردنی کۆمەڵێک دەنگی دیاریکراوی پێشوەختە کە بەجێهێنەر لە توانایدایە ووردەکاری وبەرەوپێش چوونی تێدا بکات. (لە موزیکی کلاسیکی ڕۆژئاوادا، مۆدەکانی وەک

---

کۆتاییدا دەگەڕێتەوە بۆ تۆنیکەکە بۆ چارەسەرکردن. لە کۆتایدا هەستێکی ڕوون ئاراستە و سەقامگیر بە موزیکەکە دەبەخشێت(حەسەن، ٢٠٢٢، ٢٣-٢٤).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دۆریان، فریجیان و ئایۆنیان کە لە سروودی گریگۆری و موزیکی سەدەی ناوەڕاستەوە سەرچاوەیان گرتووە، بەشێکی دانەبڕاو بوون لە پێناسەکردنی هەردوو پێکهاتە و ئیمپرۆڤایزەیشن. ئەم مۆدانە پەیوەندی مێژووییان بە حاڵەتە سۆزدارییە تایبەتەکان و کۆنتێکستە ڕۆحییەکانەوە هەیە، کەکاریگەرییان لەسەر ڕێبازی بەجێهێنەر هەیە لە کاتی ئیمپرۆڤایزەیشن) (Terefenko, 2014, : 37).

لە سەدەی بیستەمدا، ئیمپرۆڤایزەکردنی مۆد لە بنەما لاسایکەرەوە کاتییەکەی خۆی تێپەڕی، بەڵکو کاریگەرییەکی بەردەوامی لەسەر ژانرە جیاوازەکانی موزیک بەجێهێشت، لە موزیکی کلاسیکییەوە تاوەکو ژانرەکانی تری موزیکی. کۆمپۆزەری وەک ئۆلیڤیێر مێسیەن[18] مۆدەکانی بە جۆرێکی زانستییانە و لێهاتووانە بەکاردەهێنا، کە پێکهاتەی هارمۆنی دەوڵەمەند و جیاوازی لەسەر دروست دەکرد(Grimshaw, 2010)(لەم نێوەندەدا، موزیککارە پێشکەوتووەکانی ژانری موزیکی، مۆدەکانیان بەکاردەهێنا بۆ ئەوەی ئیمپرۆڤایزەیشنی درێژخایەن بەجێبهێنن، لە موزیکی کلاسیکی هیندستاندا، کە ئیمپرۆڤایزەیشن هەمیشە ڕۆڵێکی سەرەکیی هەبووە، هەمیشە موزیسیانان هەوڵیانداوە پەیوەندییەک دروست بکەن لە نێوان مۆدەکانی ڕۆژئاوایی و ستایلە نوێیەکانی موزیکی کلاسیکی هندی [19] ئەم گۆڕانکاریانە تیشک دەخەنە سەر ئەوەی کە چۆن ئیمپرۆڤایزەیشنی مۆدەکان تەواوی سنوورەکانی تێپەڕاندووە، دواتر بووە بە

[18] ئۆلیڤیێر مێسیەن ئاوازدانەرێکی پێشەنگی فەرەنسی بوو بە شێوازەکانی گواستنەوەی سنووردار و پێکهاتەی ڕیتمیکی ئالۆز سرووشبەخشی قووڵی ئایینی ناسرابوو. ئەو سیستەمی مۆداڵی بەکاردەهێنا نەک تەنها بۆ میلۆدی، بەڵکو بۆ دروستکردنی دیمەنە دەنگییە هارمۆنی و دەقییەکان. وەک لەبەرهەمەکانی وەک Mode de values et d'intensites دا دەبینرێت، کە تەحەدای پراکتیزە تۆناڵییە ئاساییەکانی موزیکی ڕۆژئاوایی دەکرد( دزەیی، ٢٠١٥: ٢٧٧-٢٧٨).

[19] موزیکی کلاسیکی هندی لە نەریتی هیندستانی و کارناتیک لەسەر چەمکی ڕاگا دامەزراوە، کە چوارچێوەیەکی مێلۆدییە و ڕێنمایی ئیمپرۆڤایزەیشن دەربڕینی سۆزداری دەکات. هەر ڕاگایەک پەیوەستە بە کاتە تایبەتەکانی ڕۆژ و وەرز و مەزاجەکانەوە ئەنجامدەران بەکاریدەهێنن بۆ ئیمپرۆڤایزەیشن لەناو کۆمەڵێک یاسادا. جەخت لەسەر هەردوو لێهاتویی تەکنیکی و قووڵی ڕۆحی دەکەنەوە( Viswanathan and Allen, 2004: 72).

سرووشبەخشێک بۆ داهێنانە نوێیەکان لە سەرانسەری ژانرەکانی موزیکیی جیهانیی)(Taruskin, 2010, : 191).

(لە موزیکی کلاسیکی هیندیدا چەمکی مۆد بە "راگا" نیشان دەدرێت، سیستەمێک کە زۆر ئاڵۆزترە لە مۆدەکانی ڕۆژئاوا. ڕاگا لە سکێڵێک تێدەپەڕێت: نەخشەی مێلۆدییەکەی تایبەتە، ئۆرنەمێنت (کە بە گاماکا ناسراوە) و پەیوەندی سۆزداری لەخۆدەگرێت)(Clayton, 2000, : 1-3). ڕاگا تایبەتمەندە بە کات و وەرزەوە، واتە زۆرجار نمایشەکەی بەستراوەتەوە بە بەشێکی دیاریکراوی ڕۆژ یان ساڵەوە، چینێکی دینامیکی و کاتی زیاد دەدات بە ئیمپرۆڤایزەیشنەکە. ڕاگای یەمەن، سکێڵی نۆتەکەی بەم شێوازەی خوارەوەیە:



وێنەی ژمارە ١ سکێڵی ڕاگای یەمەن

### ٢.٢.٣ ئاڵۆزی نێوان دەنگە کۆک و ناکۆکەکان لە ئیمپرۆڤایزەیشنی مۆدەکاندا

بە شێوەیەکی گشتی بەکارهێنانی موزیک لە ناو میللەتانی ڕۆژئاوایی و تانانەت ڕۆژهەڵاتیشدا، تاڕادەیەکیش بەکارهێنانی ئەو دەنگانە هاوشانە لەگەڵ دەربڕینە ئەویندارییەکان. لەگەڵ ئەمەشدا دەنگە کۆک(consonance)[20] و ناکۆکەکان(Dissonance)[21] ڕۆڵێکی سەرەکی

[20] دەنگی کۆک لە موزیکدا ئاماژەیە بۆ میانەکان، کۆردەکان، یان دەنگەکان کە وەک جێگیر و هاوئاهەنگە و دڵخۆشکەرە بۆ گوێ، کاتێک بیسەر هەستی پێدەکات. کاتێک دەنگە کۆکەکان لەگەڵ یەکتر دەژەندرێن، هەستێکی خۆش و هاوسەنگی دروست دەکەن، زۆرجار هەستی ئارامیی دەوروژێنن. لە تیۆری موزیکی ڕۆژئاوادا، میانە کۆکەکان بریتین لە یەک دەنگی تەواو، پێنجی تەواو، چواری تەواو و سیانی گەورە و بچووک کە بنەمای پێکهاتە هارمۆنیەکان پێکدەهێنن. لە تەواوی کولتوورەکاندا، هاودەنگ ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە داڕشتنی مێلۆدی و هارمۆنی و جوانیناسیی گشتی موزیک، ئەمەش وایکردووە کە ببێتە چەمکێکی گشتگیر لە هەردوو پێکهاتەی نەریتی و هاوچەرخدا(حەسەن، ٢٠٢٢، ٢٩-٣٠).

[21] دەنگە ناکۆکەکان لە موزیکدا ئاماژەیە میانەکان، کۆردەکان، یان دەنگەکان کە گرژی، ناسەقامگیری، یان هەستکردن بە پێکدادان دروست دەکەن کاتێک دەبیسترێن. لە تیۆری موزیکی ڕۆژئاوادا، میانە ناکۆکەکان بریتین لە دوانی بچووک، حەوتی گەورە، کە زۆرجار بۆ هەستکردن بە ئاڵۆزی و خەمباری لە ناو دراماکاندا بەکاردەهێنرێن.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەگێڕن لە داڕشتن و تێڕوانینی هەستی کەسی لە کاتی ئیمپرۆڤایزەیشندا. (زۆرجار دەنگی کۆک تاڕادەیەک دڵخۆشکەر و شادیی ئامێز دەگەیەنێت بە بیسەر و بەجێهێنەر، لە کاتێکدا دەنگە ناکۆکەکان، هەستێکی نائومێدی و تاڕادەیەک دۆخێکی نائومێدی دروست دەکات، کە بەجێهێنەر هەمیشە بەدوای ڕێگا چارەیەک دەگەڕێت بۆ خۆ دەرباز بوون لەو دۆخە ئاڵۆزەو دواتر چارەسەرکردنی بە شێوەیەکی زانستی. لە ئیمپرۆڤایزەکردنی مۆدەکاندا، ژەنین لە نێوان دەنگە کۆک و ناکۆکەکان دەبێتە دەرفەتێکی گەورە، هەروەها تێڕوانینێکی دەوڵەمەند و فرە چەشن بە بەجێهێنەر دەبەخشێت بۆ بەردەوام لەسەر لێکۆڵینەوە و گەڕان بە دوای دەنگەوارە جێگیر و تەبا بەخشەکان)(Clayton, 2000).

لە زۆربەی ژانرە موزیکییەکانی ڕۆژئاوادا، بەجۆرێک ئازادی بە بەجێهێنەران لە ئیمپرۆڤایزەکردنی مۆدەکان دەدرێت، تاوەکو بە شێوەیەکی زانستی بەرجەستەی دەنگە کۆک و ناکۆکەکان بکەن بە بەراورد بە شێوازە تۆناڵییە لاسایکەرەوەکان. بەم شێوەیە ڕێگە بۆ بەجێهێنەران واڵا دەکات تاوەکو بە شێوەیەکی ڕوونتر بەدواداچوون بۆ گرژی و ئاڵۆزی لە دەنگەوارەکان بکات(Baker, 1988, : 79).

### ٣.٢.٣ ڕیتمی ئازاد و ئیمپرۆڤایزەیشنی مۆدەکان لەناو ژانرە موزیکییەکانی میللەتان

ڕیتم و کات وەکو دوو کاراکتەری گرنگی ئیمپرۆڤایزەیشنی مۆدەکان دەردەکەون،کە بە بنەمای سەرەکی بۆ دەربڕینی داهێنەرانە کار دەکەن. لە کاتێکدا لە ژانرەکانی تری موزیکی وەک موزیکی کلاسیک و جازدا بە شێوەیەکی گشتی پەیوەستن بە پێکهاتەی ئەو کاتەی کە بۆیان دەستنیشان کراوە و پەیڕەوی دەکەن، ئیمپرۆڤایزەیشنی مۆدەکان ڕێگە بە فرە ڕیتمی زیاتر دەدات، لەوانەش سینکۆپ، دەستەواژەی ناجێگیر و جێگۆڕکێی کاتی میلۆدی. (زۆرجار بەجێهێنەرانی جاز لە سەرەتای لێدانە بەهێزەکاندا ژەنین ئەنجام دەدەن کە هەستێکی گوماناوی و سەرسوڕمان

---

لە سەرانسەری نەریتە جیاوازەکانی موزیکدا، دەنگی ناکۆک بە مەبەست بەکاردەهێنرێت بۆ تەحەدای گوێگران، وروژاندنی وەڵامی سۆزداری، یان تیشک خستنە سەر ووردەکارییە کولتووری و ستایلییەکان. چ لە موزیکی کلاسیک، جاز، یان هاوچەرخدا، دەنگی ناکۆک وەک ئامرازێکی بەهێز دەمێنێتەوە بۆ ئاوازدانەران و نمایشکاران بۆ گەیاندنی گرژی و هەستی هونەری(سەگرمە، ٢٠٠٠: ١٦٧-١٦٨).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دروست دەکەن. بەڵام لە موزیکی جازدا، پەیوەندی نێوان سۆلۆیست و بەشی ڕیتم، دیالۆگێکی دینامیکی و ئیمپرۆڤایزەیشن پێکدەهێنێت، کە ئەمەش ئەزموون و لێهاتویی بەجێهێنەرەکە لە کاتی ئیمپرۆڤایزەیشن بەرز دەکاتەوە(Hengeveld and Funk, 2021, 69-71)).

لە زۆرێک لە موزیکی میللەتان بە تایبەت لەناو موزیکی هیندیدا، (ڕیتمی ئازاد لەلایەن سیستەمی تالاوە[22] گوزارشت دەکرێت، کە لە چوارچێوەیەکی بازنەیی پێکهاتەی ڕیتمەکە بەجۆرێکە کە ڕێگە بە گۆڕانکارییە ئاڵۆزەکان دەدات. ژەنیارە ڕیتمییەکان بە شێوەیەکی داینامیکی پەیوەندی لەگەڵ ئامێرە سۆلۆیستییەکان دەبەستن، ئەم بەجێهێنانە لە نێوان میلۆدی و ڕیتمدا نمایشێکی بەهادار دروست دەکات کە لێهاتوویی تەکنیکی و دەربڕینی سۆزداری پیشان دەدات)(Nettl, 2005, : 42). هاوشێوەی جاز، موزیکی کلاسیکی هیندی ئازادی ڕیتمیی لەناو پێکهاتەی سیستەمێکدا جێگیر کردووە، ئەمەش گوزارشت لە دەربڕین و بیرکردنەوەی هونەری دەکات.

لە موزیکی ڕۆژهەڵاتیدا، پێکهاتەی ڕیتم و ئیمپرۆڤایزەیشن بە سوود وەرگرتن لە سیستەمی مەقام و ڕیتمەکان گوزارشت دەکرێت. بەجێهێنەران بە لێهاتووییەوە دەستەواژە ڕیتمییەکان بەکاردەهێنن. هاوئاهەنگی نێوان سۆلۆیستەکان و ڕیتم ژەنەکان، پەیوەستە بە ڕەگ و ڕیشەی کلتوورییەوە. (لێرەدا کە بەجێهێنەران دەتوانن جەخت بکەنەوە لە گۆڕانکارییە ئاڵۆزەکان و لە هەمان کاتدا ڕەسەنایەتی کلتووری خۆیان بپارێزن)(Racy, 2003, : 15-42).

یەکێک لە تایبەتمەندییە جیاوازەکانی مەزیکی ڕۆژهەڵاتیی بەکارهێنانی مۆدەکانە، کە لە کاتی ئیمپرۆڤایزەیشندا ڕێگە بە بەجێهێنەران دەدات بە شێوازێکی زانستی بەجێهێنان لەسەر مۆدەکان بکەن بەبێ ئەوەی سنووردار بکرێن بە هیچ ڕیتمێکی جێگیرەوە. لەناو مۆدەکاندا، بەجێهێنەران دەتوانێت لەسەر هەندێک نۆتە بمێنێتەوە، دەستەواژەکان ڕازاوە بکات و لە نێوان

[22] سیستەمی تالا لە موزیکی کلاسیکی هیندستاندا چوارچێوەیەکی ڕیتمی بازنەییە کە کات ڕێکدەخات بۆ نەخشەی تایبەتی لێدانەکان، هەریەکە لە لێدانەکان لەهجەی ناوازەیان هەیە. لە هەمان کاتدا ڕێگە بە ئیمپرۆڤایزەیشنی ئالۆز دەدات، کە ڕێنمایی هەردوو ژەنیاری سۆلۆیست و ئامێری ڕیتمی دەکات. سۆلۆیست لەناو تالادا ڕیتمە ئالۆزەکان دروست دەکات، لە کاتێکدا ئامێرە ڕیتمییەکە پێکهاتە بازنەییەکە بەهێز دەکات و گفتوگۆیەکی دینامیکی دروست دەکات، لێرەدا پێکهاتە لەگەڵ ئازادی داهێنەرانە تێکەڵ دەبێت بۆ تیشک خستنە سەر لێهاتوویی تەکنیکی و دەربڕینی سۆزداری(Nelson, 2008: 53).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مۆدەکان گواستنەوە ئەنجام بدات، ئەمەش هەستێکی تایبەت و ناوازە دروست دەکات. (زۆرجار ئیمپرۆڤایزەیشن وەک پێشەکییەک بۆ پارچەیەکی موزیکی گەورەتر بەکاردەهێنرێت، لەڕاستیدا ئیمپرۆڤایزەیشن بە بنەمای سەرەکی موزیکی ڕۆژهەڵاتی دادەنرێت. بۆیە بەجێهێنەران پێویستییان بە تێگەیشتنێکی قووڵ لە سیستەمی مۆد هەیە، دوای تێگەیشتن لە سیستەمی مۆد ڕێگە بە داهێنان و ئەندێشەی نوێ دەدات)(Touma, 1996).

لە موزیکی جاز و کلاسیکی هیندی و ڕۆژهەڵاتیدا، ریتمی ئازاد هاوسەنگی دروست دەکات لە نێوان پێکهاتەی موزیکی و ئیمپرۆڤایزەیشندا، هەروەها کلتوور لەگەڵ داهێنان ئاوێتە دەکات. لێرەدا ریتم دەبێتە ئامرازێک بۆ گەڕانێکی هونەری و بەشداریکردن و تێڕوانینی قووڵی بینەر. ئەم ڕێبازە گشتگیرە ڕەنگدانەوەی پاڵنەرێکی هاوبەشی مرۆییە بۆ داهێنان و پەیوەندی سۆزداری، کە ئیمپرۆڤایزەیشنی مۆدەکان دەکاتە فۆرمێکی هونەری کە بەردەوام لە گەشەکردندا بێت(Nettl and Russell, 1998).

### ٣.٣ بەجێهێنان و ئیمپرۆڤایزەیشن لە نێو مۆدەکانی ڕۆژهەڵاتیدا

بە ڕای توێژەران لەناو موزیکی ڕۆژهەڵاتیی زیاتر جەخت لەسەر بەجێهێنان و ئیمپرۆڤایزەیشن دەکەنەوە شانبەشانی پێکهاتەی دانراوی موزیکی، ئەمەش تاڕادەیەک دەتوانرێت وەکو جیاکارییەک سەیر بکرێت لە نێوان موزیکی ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتی، بەو پێیەی لە موزیکی کلاسیکی ڕۆژئاواییدا زیاتر پابەندن بە نۆتەی نووسراو و ئامادەکراو. لەناو موزیکی میللەتانی ڕۆژهەڵاتی وەک موزیکی هیندی، کوردی، عەرەبی، فارسی و تورکی پشت بە سیستەمی مۆدەکان دەبەستن. بۆ نمونە ڕاگا لە موزیکی هیندی، مەقام لە موزیکی کوردی، عەرەبی و تورکیدا، پاشان دەستگا لە موزیکی فارسیدا. ئەم سیستەمە بەجۆرێک پێناسە دەکرێت کە پێوەر و مۆتیڤ و دەربڕینی سۆزدارین. (ئەم مۆدانە وەک چوارچێوەیەکی زانستی کاردەکەن کە بەجێهێنەران بە شێوەیەکی داهێنەرانە گۆڕانکارییە میلۆدی و ریتمییەکان لە کاتی ڕاستەقینەدا بەئەنجام دەگەیەنن. لێرەدا هونەری ڕاستەقینە پەیوەستە بە نەریت و داهێنانەوە، دواتر ڕێگە بە بەجێهێنەران دەدات لێکدانەوەی ناوازە دروست بکەن، لە هەمان کاتدا ڕێز لە جەوهەری کلتووری و جوانناسی هەر مۆدێک بگرن(Racy, 2000, 302-320)).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەناو موزیکی ڕۆژهەڵاتیدا، ئیمپرۆڤایزەیشن تەنها نمایشکردنێکی لێهاتوویی تەکنیکی نییە بەڵکو کردەوەیەکی قووڵی ڕۆحی و پەیوەندیدارە. بۆ نموونە (لەموزیکی کلاسیکی فارسیدا، بەشی ئاڤاز لە نمایشێکدا زۆر ئیمپرۆڤایزەیشنە، گۆرانیبێژ یان ئامێرژەن لە چوارچێوەی پێکهاتەی داستگادا میلۆدی ئاڵۆز دروست دەکات، ئەم ڕێبازە ئیمپرۆڤایزەیشنە زۆرجار بە گفتوگۆیەک دەچوێنرێت، کە بەجێهێنەر لەگەڵ بینەر و بەجێهێنەرانی یاوەری و تەنانەت خوداوەندیشدا خەریکی گفتوگۆیەک دەبێت)(During, 2024). ئیمپرۆڤایزەیشن لەسەر مۆدە ڕۆژهەڵاتییەکان بە شێوەیەکی هەڕەمەکی نییە بەڵکو ڕەگ و ڕیشەی پەیوەستە بە لێکتێگەیشتنێکی سیستەمی موزیکییەوە، پاشان چوارچێوەیەکی کلتووری و مەبەستی سۆزداری هەیە.

هەروەها ڕۆڵی بەجێهێنەر لەناو میللەتانی ڕۆژهەڵاتیدا تاڕادەیەک دژوارە، چونکە دەگەڕێت بە دوای شارەزایی تەکنیکی و تێگەیشتنێکی قووڵ لە ڕەهەندە فەلسەفی و ڕۆحییەکانی موزیکەکە. لێرەدا ئیمپرۆڤایزەیشن وەک جۆرێک لە چیرۆکگێڕان کاردەکات، کە بەجێهێنەران سیستەمی مۆدەکان بەکاردەهێنێت بۆ دەربڕینی هەستەکان و گەیاندنی گێڕانەوەکان و پاراستنی سەروەتی کلتووری. (لێرەدا پێویستە بەجێهێنەران هاوسەنگی لە نێوان پێکهاتەی موزیکەکە و ئیمپرۆڤایزەیشنەکەی بپارێزێت، پاشان نەریت و داهێنان، دواتر لێکۆڵینەوە لە بەجێهێنان و ئیمپرۆڤایزەیشن لە مۆدەکانی ڕۆژهەڵاتی دەکاتە بوارێکی سەرنجڕاکێشی لێکۆڵینەوە)(Loui, 2018, 165).

بەجۆرێک بەجێهێنان و ئیمپرۆڤایزەیشن لەسەر مۆدەکانی ڕۆژهەڵاتی تیشک دەخەنە سەر پەیوەندی نێوان نەریتی زارەکی و فێرکاری موزیکی. ئەم شێوازە زارەکی و دەنگییە پرسیاری گرنگی توێژینەوەیە سەبارەت بە ستراتیژییە مەعریفی و پێداگۆژییەکان لە ئیمپرۆڤایزەیشندا، هەروەها چۆن ئەم نەریتانە خۆیان لەگەڵ گۆڕانکارییە پەروەردەیی و تەکنەلۆژییە مۆدێرنەکاندا دەگونجێنن(Norgaard et al., 2023, 45-66).

### ١.٣.٣ مەقام

مەقام سیستەمێکی مۆداڵییە لە موزیکی ڕۆژهەڵاتیدا، بە سکێڵی جیاواز پێناسە دەکرێت کە میانەکانی چارەکە دەنگ لەخۆدەگرێت. وەک بنەمایەک بۆ هەردوو شێوازی موزیکدانان و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئیمپرۆڤایزەیشن بەکاردەهێنرێت. تەقسیم ڕۆڵێکی ناوەندی لە دەربڕینی هونەریدا دەگێڕێت. لە کاتی بەجێهێناندا، کە بەجێهێنەران دەتوانن لە نێوان مەقامە جیاوازەکاندا گواستنەوە ئەنجام بدەن، کە ئەمەش دەربڕینێکی داهێنەرانە و دەوڵەمەندانەتر بە موزیکەکە دەبەخشێت(کامیل، ٢٠٢٥).




[23]

وێنەی ژمارە ٢ سکێڵی مەقامی ڕاست

لە ڕوانگەی پێکهاتەی تیۆرییەوە، هەر مەقامێک لەسەر بنەمای سکێڵێک دامەزراوە کە میانەی هەر مەقامێک جیاوازە، زۆرجار چارەکە دەنگەکانی بەکاردێت کە لە موزیکی ڕۆژئاوایدا بوونی نییە. ئەم مەقامانە لە لە دوو ڕەگەزی سەرەکی لەسەرچوون و چەند ڕەگەزێکی لە خوارچوون پێکدێت، لە ڕاستیدا گۆڕانکاری لە چارەکە دەنگەکان زۆر گرنگن و بەجێهێنەران بە شێوەیەکی گشتی لە ڕێگەی گوێگرتن و پراکتیزەکردنی قووڵەوە دەتوانن ئەم ووردەکارییانە پەرەپێبدەن، چونکە ڕەنگە نووسینی ئەم ووردەکارییانە بە تەواوی واتەکە نەگەیەنێت(ئاغا، ٢٠٢٥).

### ٢.٣.٣ ئیمپرۆڤایزەیشن لەنێو فۆرمەکانی موزیکی کوردیدا

بە ڕای توێژەران لە موزیکی کوردیدا، هاوشێوەی کلتوورەکانی تری موزیکی ڕۆژهەڵات، ئیمپرۆڤایزەیشن لە ڕێگەی دەنگەوە دەردەبڕدرێت. ئەم پرۆسەیە بەهۆی لێهاتوویی تەکنیکی بەجێهێنەر لەسەر ئامێرە موزیکییەکە و چێژوەرگرتنی تاکە کەسی لە کاتی بەجێهێنان و کەسایەتی و کارەکتەری ناوازەیان لە بۆتە دەدرێت. سەرەڕای ئەوەش، ئەزموونی بەجێهێنەر و

[23] سەرجەم سکێڵەکانی موزیکی وەکو مۆدی ڕاست، لاوک، ئەڵلاوەیسی، قەتار، خاوکەر، خورشیدی، ئای ئای، سەفەر، سیاچەمانە و هۆرە لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە( ئاغا، ٢٠١٠).

ئەو ژینگەیەی کە تێیدا بەجێهێنان دەکەن ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن لە دیاریکردنی ئەو پەیامەی کە لە ڕێگەی کارە ئیمپرۆڤایزەیشنەوە دەگەیەنرێت.

مۆدەکان لە ناو بازنەی فۆرمەکانی دەنگیدا دەخولێنەوە، بەجۆرێک هەندێک لە مۆدەکان زۆر دڵگیر و هەندێکی تر دڵتەنگ بەخشن. سەبارەت بە چڕینی مەقام (عەلی مەردان) بەم جۆرە دەربارەی مەقام دەدوا بۆ ئەوەی بتوانیت مەقام بڵێیت، پێویستە کەسایەتییەکی بەهێز و دڵێکی پتەوت هەبێت، ئەگینا زوو پیرت دەکا و دەترۆخێنێ(یاسین، ٢٠١٨ : 135).

هەروەها لەناو موزیکی کوردیدا زۆر فۆرمی تایبەت هەن، کە بەجۆرێک دەچڕدرێن کە هەریەکێکیان تایبەتمەندە و پەیوەستە بە ناوچەیەکی دیاریکراو، کە ئەم شێوازی چڕینی ئیمپرۆڤایزەیشنە، تەنیا تایبەتە بە گەلی کوردەوە. ( ئەم شێوازە میلۆدییە کە بە زارو زمانی ئێتنۆموزیکۆلۆجی پێی دەڵێن موزیکی ڕوراڵ، واتە موزیکی گوندی یاخود روستایی، کە پێچەوانەی موزیکی ئوربانە، واتە کە بە واتای موزیکی شارستانی دێت)(ئازید، ٢٠١٦ :523).

زۆرێک لەو فۆرمانەی کە لە ڕێگەی بەجێهێنانی ئیمپرۆڤایزەیشنەوە بەرجەستە دەکرێت ئەمانەن: ( حەیران، لاوک، ئەڵلاوەیسی، قەتار و خاوکەر، خورشیدی، ئای ئای، سیاچەمانە، هۆرە و ....هتد).

### ١.٢.٣٣ حەیران

فۆرمێکی ڕیتم ئازادی ڕەسەنی کوردییە و لە شێوەی لاواندنەوە دەچڕدرێت و لەناو مۆدی (بەیات)دا، یان هەندێ جار ( حیجاز یان سەبا)، ئەم فۆرمە تایبەتە بە ناوچەی دەشتی هەولێر و هەندێک لە ناوچەی موکریان. لەڕاستیدا مەودای دەنگی فۆرمی حەیران حەوت دەنگە، پاشان شێوازی چڕینی تایبەتی خۆی هەیە لە دەستپێک و ناوەند و دوبارەبوونەوەی بەشەکانی(ئاغا، ٢٠٢٥). لێرەدا نمونەی حەیرانێکی حەسەن ڕەسوڵ سیساوایی دەخەینە ڕوو: کە لەلایەن هونەرمەند سەلاح ڕەووف نوسراوەتەوە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



نمونەی ژمارە ٣ نمونەی حەیرانێکی حەسەن سیساوایی

**٢.٢.٣.٣لاوک**

دەنگبێژییەکی ڕیتم ئازادە، بە زاراوەی کورمانجی دەچڕدرێن و تایبەتە بە ناوچەکانی سنوری بەهدینان وەکو( شێخان، دهۆک، زاخۆ، ڕۆژئاوای کوردستان وەکو قامشلۆ، حەلەب و شارە کوردییەکان ..... هتد).(خۆشناو:19). زۆرینەی بابەتەکانی ناو لاوک بریتیین لە چیرۆک دەربارەی شۆرش، بەرگری، قارەمانیەتی، جەنگ، داستانی خۆشەویستی، ستایش و شانازیکردن. بەڵام لە ناوەڕۆکدا( وشەی کوردی ڕەسەن و چەندین تابلۆی ڕەنگی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی کلتووری نەخشێنراون، کە لە ڕاستیدا فەرهەنگێکی زمانی کوردیمان هەیە و دەیسەلمێنێت کە زمانی کوردی دەوڵەمەندە بە کەلەپووری نەتەوەیی)(ڕەسوڵ، 2008 : 114). دوو جۆر لاوک هەیە: یەکەمیان زیاتر پەیوەستە بە دیوەخان و کۆڕو کۆبونەوەی ئاغا و شێخ و سەرۆکی خێڵە کوردییەکان. دووەمیان زیاتر پەیوەستە بە ناوچەی شاخاوی وەکو چیا و دۆڵ و شاخ. بۆیە لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کاتی چڕینیشدا زیاتر گرنگی بە چینە بەرزەکانی دەنگ دەدرێت(جوین, 2015 : 17). سکێڵی لاوکی سەعید ئاغا بەم جۆرەیەی خوارەوەیە:



نموونەی ژمارە ٤ سکێڵی لاوکی سەعید ئاغا

### ٣.٢.٣.٣فۆرمەکانی ڕیتمی ئازاد لە ناوچەی گەرمیان

کۆمەڵێک فۆرم هەن کە پەیوەستن بە ناوچەی گەرمیانەوە، دەتوانرێت بەم شێوازەی خوارەوە پۆلێن بکرێن.

1 - **ئەڵلاوەیسی:** فۆرمێکی لیریکی کوردییە، لەسەر سێ چینی دەنگی دەچڕدرێ کە بە پەردە ناوزەد دەکرێ. پەردەی یەکەم لەسەر مۆدی نەهاوەند، پەردەی دووەم لەسەر مۆدی ڕاست و پەردەی سێیەم و کۆتایی، لەم پەردەیەدا لە دەنگی چارگە دەنگەوە دەست پێدەکات و تا پێنج دەنگ سەرووی خۆی دەڕوا دواتر گۆڕانکاری لە مۆدی نەهاوەند دەبێ و دێتەوە سەر مۆدی ڕاست، پاشان بە زنجیرەیەک دەنگ دەگەڕێتەوە پەردەی دووەم و دواجار لە پەردەی یەکەم کۆتایی بە فۆرمەکە دێت(Agha, 2025). بەم جۆرەی خوارەوەیە




نموونەی ژمارە ٥ سکێڵی فۆرمی ئەڵاوەیسی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2- **قەتار:** فۆرمێکی ریتم ئازادی ناوچەی گەرمیانە، ئەم فۆرمە سۆزێکی بەتین و پڕ بڵێسەیە بۆ دڵ و دەروونی ئەویندارانی سەرمەست، سۆزێکە بە دەنگێکی زەبوون و زوڵاڵی کوردی، کە گلەیی لە دەست ئازیزان دەکات. ئەم فۆرمە بە ڕەچەڵەک دەگەڕێتەوە سەر مۆدی حیجاز(کاکەیی, ٢٠٠٦ : 32). سکێڵەکەی بەم شێوازەیەی خوارەوەیە:



نمونەی ژمارە ٦ سکێڵی فۆرمی قەتار

3- **خاوکەر:** ئاوازێکی فۆلکلۆر و دڵگیری خۆماڵی ڕەسەنە، کە بە ڕەگەز و ڕەچەڵەک نەغمەیەکە لە مۆدی بەیات و لە پاش مۆدی قەتار و بە بێ پچران دەچڕدرێت، زۆر جاریش جیا جیا دەچڕدرێت(کاکەیی, ٢٠٠٦ : 36). سکێلەکەی بەم شێوازەیە:



نمونەی ژمارە ٧ سکێڵی فۆرمی خاوکەر

4- **خورشیدی:** ئاوازێکی دڵنشینی ناوچەی گەرمییانە، هەروەکو مامۆستا جەمیل ڕۆژبیانی کە مۆدی خورشیدی بە کاتی خۆرهەڵاتن ناوزەند دەکات و لە هەمان کاتدا مامۆستا عەلی مەردان، ئەم جۆرە گۆرانی چڕینە بە کاتی خۆرنشین ناوزەند دەکات(سدیق, ٢٠١٣ : 117). سکێڵەکەی بەم جۆرەیە:



نمونەی ژمارە ٨ سکێڵی فۆرمی خورشیدی

5- **ئای ئای:** فۆرم و شێوازە چرینێکی کوردییە و بە ئاوازی باجەلانیش ناودەبرێت، کە ناوی هۆزێکی کوردی لە خانەقین نشتەجێن. زاراوەی ئای ئای لە دەسپێکی چڕینی مۆدەکە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرچاوەی گرتووە. شێوازی چڕینی ئای ئای لەسەر مۆدی بەیاتە(Agha, 2025). سکێلەکەی بەم شێوازەیە:



نمونەی ژمارە ٩ سکێڵی فۆرمی ئای ئای

### ٤.٢.٣.٣سەفەر

ئەم شێوازە چڕینە تایبەتە بە ناوچەی سلێمانی، کە ئاوازێکی خۆش و دڵگیرە، تایبەتمەندە بە نەتەوەی کورد، لە ڕووی ناوەڕۆکی هۆنراوەوە زیاتر کێشی کۆن و کلاسیک و عەروزی عەرەبی (١٦) بڕگەیی لەسەر مۆدی بەیات دەچڕدرێت، هەروەها ئەم فۆرمە لە چوار دەنگ زیاتر نییە، ئەم شێوازە چڕینە لە ڕابردوودا زیاتر لەلایەن گۆرانیبێژانی وەکو حەمە ساڵح دیلان، محمود تۆفیق شللک، عوسمان عەلی چڕدراوە. (ڕەزازی، ٢٠١٠ : 48).سکێڵەکەی بەم شێوازەی خوارەوەیە:



نمونەی ژمارە ١٠ سکێڵی فۆرمی سەفەر

### ٥.٢.٣.٣سیاچەمانە

چڕینێکی ڕیتمی ئازادە، شێوازی چڕینی بەهۆی بەکارهێنانی لێو دەتوانرێت لەیەک کاتدا یاری بە پلە دەنگییەکان بکات، زۆربەی ئەو پلە دەنگییانەی کە بەکاری دەهێنێت لە سێ دەنگ تێپەڕ ناکات، لە زۆربەی ناوچەکانی ئەم دەڤەرە لەسەر مۆدی کورد دەچڕدرێن، لەلایەکی ترەوە لە هەندێ هۆزەکان مۆدی بەیات دەچڕدرێت بەلام ئەم شێوازە چڕینە زۆر باو نییە(ڕەووف، ٢٠٠٩ : 313). سکێڵی یەکێک لە سیاچەمانەکان بەم شێوازەی خوارەوەیە:



نمونەی ژمارە ١١ سکێڵی فۆرمی سیاچەمانە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٦.٢.٣.٣هۆرە**

شێوە چڕینێکی سەربەخۆ نییە بەڵکو لە بنەڕەتدا لەسەر مۆدی بەیات و عەجەم دەچڕدرێت. ئەم شێوازە چرینە زیاتر لە دەڤەری خانەقی و هۆزی جاف بڵاوە و بە هۆرەی جافیش ناسراوە. لە ڕێگەی هۆنراوەی خۆماڵی دە بڕگەیی فۆلکلۆری بچڕدرێت، بەڵام شێوەی کەلهوڕی زیاتر لەگەڵیدا دەگونجێت(کاکەیی، ٢٠٠٦ : 48). سکێڵی یەکێک لە هۆرەکان بەم جۆرەیە:



نمونەی ژمارە ١٢ سکێڵی فۆرمی هۆرە

## ٤.بەجێهێنانی توێژینەوە

### ١.٤ میتۆدی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە میتۆدێکی وەسفی شیکاری پەیرەوکردووە، تیشکی خستۆتەسەر تایبەتمەندی بەجێهێنان و ئیمپرۆڤایزەیشن لەنێو مۆدەکانی ڕۆژهەڵاتیدا.

### ٢.٤ کەرەستەو ئامرازەکانی توێژینەوە

توێژەران بە مەبەستی زەمینەسازی تەواو بۆ جێبەجێکردنی کاروبارەکانی توێژینەوە، بەهۆی پاڵپشتیی تەکنەلۆژیاوە چەندین ئامرازی جۆراوجۆر و پرۆگرامی بەکارهێناوە، کە لە رووی بابەتی( نوسینەوەی توێژینەوە، نوسینەوەی نۆتە و شیکردنەوەی نمونەکان،...هتد). لێرەدا ئاماژە بە ئەو کەرەستەو ئامرازانە دەکەین کە سوود و بایەخ و ڕۆڵی خۆیان هەبووە:

1. لاپتۆپ جۆری ئەپڵ MacBook Pro, 2023, 14 Inch، بە مەبەستی تایپکردن و کۆی پرۆسەی نوسینەوەی ماستەرنامەکە.
2. هێدفۆنی جۆری بیهرینگەر، HPS3000، بە مەبەستی باشتر گوێلێگرتنی بەرهەمەکان.
3. کیبۆرد میدی جۆری ئەلێسیس، Alesis Q49، بە مەبەستی نوسینەوەی نۆتەکان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

4. پرۆگرامی MuseScore 4، بە مەبەستی نوسینەوەی تەواوی نۆتەی نمونەکانی هەڵبژێردراو.
5. پرۆگرامی Microsoft Office Word، بە مەبەستی نووسینی ماستەرنامەکە و دروستکردنی خشتەکان.

## ٥.ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

### ١.٥ئەنجام

*دیالۆگی کلتووری لە ڕێگەی موزیکی نەریتە ڕۆژهەڵاتییەکان وەک دەزگایەک بۆ ئاڵوگۆڕی کلتووری کاردەکات. کە لە ڕێگەی ئیمپرۆڤایزەیشن و سیستەمی مۆدەکان پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان بەجێهێنەران و بینەردا دروست دەکات.

*هاوسەنگی لە نێوان نەریت و داهێنانی تاکە کەسی ڕێگە بە بەجێهێنەران دەدات ڕێز لە سەروەتە کلتووریەکەیان بگرن لە کاتێکدا داهێنان دەکەن، ئەمەش وایکردوە ئیمپرۆڤایزەیشن ببێتە توخمێکی گرنگ و کاریگەر لە نەریتە دەنگییەکانی ڕۆژهەڵاتیدا.

*گۆرانی چڕین بە ڕیتمی ئازاد، جەختکردنەوە لەسەر وردبینی چارەگە تۆن و تەکنیکەکانی دەربڕین، دەبێتە هۆی ئەوەی دەنگ وەکو ئامرازێکی بەهێز بۆ چیرۆکگێڕانی سۆزداری و کلتووری بەکاربهێنرێت.

*پەیوەندی نێوان بەجێهێنەران و بینەر لە موزیکی ڕۆژهەڵاتیدا جەخت لەسەر بەجێهێنان دەکاتەوە، وەک ئەزموونێکی کلتووری هاوبەش نەک تەنها پێشکەشکردنێک.

*سیستەمی مۆدەکان بناغەیەکی پتەو بۆگەشەپێدانی میلۆدی دادەڕێژێت، کە وردبینی تەکنیکی و ئیمپرۆڤایزەیشنی هونەری چالاک دەکات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### ٢.٥پێشنیاز

*فراوانکردنی توێژینەوەکانی موزیکیی کلتووریی و لێکۆڵینەوەی زیاتر لە نێوان ئیمپرۆڤایزەیشنی موزیکی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی بۆ پەروەردەکردنی دیالۆگی موزیکی جیهانی.

*هونەرە سەر زارەکییەکان بە شێوەیەکی سیستماتیک یاداشت بکرێت، بە سەرنجدان لە گرنگی ئیمپرۆڤایزەیشنی موزیکی ڕۆژهەڵاتییدا. پاشان پێویستە هەوڵ بدرێت بۆ پاراستن و شیکردنەوەی شێوازەکانی گواستنەوەی زارەکی پێش ئەوەی لەدەست بچێت.

*پەرەپێدانی ئامرازە دیجیتاڵییەکان کە یارمەتیدەرن لە شیکردنەوەی چارەگە تۆن ونەخشەکانی ئیمپرۆڤایزەیشن، دواتر پاراستنی ڕەسەنایەتی و ستایلە لاسایکەرەوەکان.

*پێویستە لێکۆڵینەوەکان لەوە بکرێت کە چۆن تەکنیکەکانی دەنگی ڕیتمی ئازاد کاریگەرییان لەسەر تێگەیشتنی گوێگر وبەشداریکردنی سۆزداری هەیە، کە ئەمەش پردێک لە نێوان زانست و هونەر دروست دەکات.

### ٣.٥ ڕاسپاردە

*پێویستە تیۆری مۆدەکان لە پەروەردەی موزیکیدا ئاوێتە بکرێت، پێویستە سیستەمی مۆدەکانی ڕۆژهەڵات بخرێتە ناو میتۆدەکانی پەیمانگە و زانکۆکان بە مەبەستی تێگەیشتنی فێرخوازان لە پێکهاتەی میلۆدییەکان لە دەرەوەی پێوەرەکانی موزیکی ڕۆژئاوا.

*گرنگی دان بە ڤیستیڤاڵ و بەرنامە کلتوورییەکان، پاشان موزیکی ڕاستەوخۆ و ئیمپرۆڤایزەیشن لە پێشینەدا بن بۆ بەردەوامبوونی کارلێکی نێوان بەجێهێنەر و بینەر و بە زیندوو ڕاگرتنی ئەو نەریتە.

*دروستکردنی ناوەندێکی ئەکادیمی تایبەت بە شێوازی چڕینی مۆدەکانی ڕۆژهەڵاتی و پێگەیاندنی چەندین دەنگبێژ و گۆرانیبێژ.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## سەرچاوەکان (References)

### سەرچاوەکانی کوردی:

ئازید، جەلیل . ٢٠١٦. تیۆری موزیک, هەولێر, چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

ئاغا، ئامانج غازی. ٢٠٢٤. خستنەکاری کەلەپووری گۆرانی لە موزیکی هاوچەرخی کوردیدا, دهۆک, چاپخانەی خانی.

ئاغا، ئامانج غازی. ٢٠١٠. سۆلفێجی لیریکی ڕیتمی، هەولێر.

حەسەن، بەختیار: ٢٠٢٢، فۆرم لە موزیکی تۆناڵدا، چاپخانەی تاران.

خۆشناو, جەلال مەلا حەسەن. مریەم خان, سلێمانی, ئینیستیوتی کەلەپووری کوردستان، سلێمانی

دزەیی، هۆمەر: ٢٠١٥، چیرۆکی موزیکی کلاسیک، چاپخانەی Imak Ofset، ئیستانبۆڵ.

ڕەسوڵ, شوکریە. 2008. ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی, چاپی یەکەم, چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

ڕەووف, سەڵاح. 2004. پۆلێنکردنی پەیژەکانی موزیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

ڕەووف, سەڵاح. ٢٠٠٩. پۆلێنکردنی فۆرم و پەیژەکانی مۆسیقای کوردی, سلێمانی, دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

عەبدوڵا، ئاکۆ: ٢٠٢٣، هارمۆنیا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

فەرەج، غەمگین: ٢٠٠٥، دەروازەیەک بۆ بۆتەکانی موزیک، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.

قەرەداغی، زۆزک: ٢٠٠٨، ناودارانی موزیکی جیهانی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

یاسین, د. بارزان. ٢٠١٨. لەناو موزیکی کوردیدا, چاپخانەی پیرەمێرد.

سەگرمە، ع.ج: ٢٠٠٠، بنەماکانی موزیک، چاپخانەی داناز, سلێمانی.

سدیق, چالاک. ٢٠١٣. خورشیدی. پەیژە. هەولێر: بەڕێوەبەرایەتیی چاپخانەی ڕۆشنبیری.

ڕەزازی, ناسر. ٢٠١٠، کورتەیەک لە مێژووی مۆسیقای کوردی. گۆڤاری چلاواز. هەولێر: دەزگای موزیک و کەلەپوری کورد.

کاکەیی, هەردڵ. ٢٠٠٦. مەقام و موزیکی فۆلکلۆری کوردی, کەرکووک, چاپخانەی ئارابخا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## سەرچاوەکانی کوردی/ چاوپێکەوتن:

ئاغا، ئامانج غازی، ٢٠٢٥ موزیسیان، چاوپێکەوتن فۆرمەکانی لیریکی کوردی و دەزگاکانی موزیکی فارسی، کۆلێژی هونەرەجوانەکان زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر، هەولێر، کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ، ڕێکەوتی ( ٢٠٢٥/٢/١٨).
کامیل, گۆران ٢٠٢٥. موزیسیان، چاوپێکەوتن تایبەتمەندی چڕین لەنێو گۆرانیبێژانی کورددا، بە شێوازی ئۆنلاین/ Whats app، کاتژمێر ٣ی دوای نیوەڕۆ، ڕێکەوتی ( ٢٠٢٥/٣/١١).

## سەرچاوەکانی عەرەبی:

امل جمال محمد شالا: 2009، الديوان العام في شرح المقام، دار الكتاب الحديث، القاهيره.
سمحه الخول 1975. الارتجال وتقاليد في الموسيقي العربيه. مجله عالم الفكر, المجلد السادس.
عبدالله على ممحمد الكردي. 1984 .فن الارتجال في الموسيقي العربيه. رساله دكتورا, جامعه حلوان.
مزهر اسماعيل حويز. 2015. فن الارتجال الغنائي و الآلي في الموسيقي الكورديه. الماجستير في العلوم الموسيقيه, جامعه صلاح الين.

## سەرچاوەکانی بیانی:

ATKINSON, C. 2008. *The Critical Nexus: Tone-System, Mode, and Notation in Early Medieval Music*, Oxford University Press.
BAKER, D. 1988. *Jazz Improvisation: A Comprehensive Method for All Musicians*, Alfred Publishing.
BURKHOLDER, J. P., GROUT, D. J. & PALISCA, C. V. 2014. *A History of Western Music*, W.W. Norton & Company.
CLAYTON, M. 2000. *Time in Indian Music: Rhythm, Metre, and Form in North Indian Raga Performance*, Oxford University Press.
DURING, J. 2024. Dastgâh, The Modal System in Persian Music. *The Circle of Ancient Iranian Studies*.
GRIMSHAW, J. 2010. *Analytical Methods of Twentieth-Century Music,* Cambridge, Cambridge University Press.
HARNONCOURT, N. 1989. *The musical dialogue : thoughts on Monteverdi, Bach, and Mozart*, Amadeus Press.

HENGEVELD, B. J. & FUNK, M. 2021. Designing Group Music Improvisation Systems: A Decade of Design Research in Education. *International Journal of Design,* 15 (2)**,** 69-71.
HILEY, D. 1993. *Western Plainchant: A Handbook*, Oxford University Press.
JEPPESEN, K. 1939. *The Style of Palestrina and the Dissonance*, Oxford University Press.
KANT, I. 2000. *Critique of Judgment,* Cambridge, UK, Cambridge University Press.
LANGER, S. K. 1953. *Feeling and Form: A Theory of Art Developed from Philosophy in a New Key,* New York, USA, Charles Scribner's Sons.
LOUI, P. 2018. Rapid and Flexible Creativity in Musical Improvisation: Review and a Model. *Annals of the New York Academy of Sciences,* 1423(1)**,** 165.
NETTL, B. 2005. *The Study of Ethnomusicology: Thirty-One Issues and Concepts*, University of Illinois Press.
NETTL, B. & RUSSELL, M. 1998. *In the Course of Performance: Studies in the World of Musical Improvisation,* Chicago, University of Chicago Press.
NORGAARD, M., DUNAWAY, M. & BLACK, S. P. 2023. Descriptions of Improvisational Thinking by Expert Musicians Trained in Different Cultural Traditions. *Bulletin of the Council for Research in Music Education,* 237**,** 45-66.
OWEN, H. 1992. *Modal and tonal counterpoint: From Josquin to Stravinsky*, Schirmer Books.
PALISCA, C. V. 2006. *Baroque Music*, Pearson Prentice Hall.
RACY, A. J. 2000. The Many Faces of Improvisation: The Arab Taqasim As a Musical Symbol. *Ethnomusicology,* Volume 44**,** 302-320.
RACY, A. J. 2003. *Making Music in the Arab World: The Culture and Artistry of Tarab*, Cambridge University Press.
RATNER, L. G. 1980. *Classic Music: Expression, Form, and Style*, Schirmer Books.
ROSEN, C. 1997. *The Classical Style: Haydn, Mozart, Beethoven,* New York, W.W. Norton & Company.
SADIE, S. 2001. *The Cambridge Music Guide*, Cambridge University Press.
TARUSKIN, R. 2010. *The Oxford History of Western Music*, Oxford University Press.
TEREFENKO, D. 2014. *Jazz Theory From Basic To Advanced Study*, Routledge.
TOUMA, H. H. 1996. *The Music of the Arabs*, Amadeus Press.
WEST, M. L. 1992. *Ancient Greek Music*, Oxford University Press.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

Smith, J. and Doe, A. (2020) *Acoustic Anatomy and Sound Production*. 2nd ed. London: Academic Press

Gee, J.P. (2014) *An Introduction to Discourse Analysis: Theory and Method*. 4th ed. New York: Routledge

Kostka, S. and Payne, D. (2017) *Tonal Harmony with an Introduction to Post-Tonal Music*. 8th ed. New York: McGraw-Hill

Viswanathan, T. and Allen, M.H. (2004) *Music in South India: The Karnatak Concert Tradition and Beyond*. New York: Oxford University Press

Nelson, D.P. (2008) *Solkattu Manual: An Introduction to the Rhythmic Language of South Indian Music*. Middletown, CT: Wesleyan University Press

Scalbert-Yücel, C., & Ray, M. (2006). "The Art of Dengbêjî: Kurdish Oral Tradition and Cultural Politics in Turkey." In European Journal of Turkish Studies

Shelemay, K. K. (1989). Music, Ritual, and Falasha History. Michigan State University Press

## سەرچاوەکانی بیانی/ ئەلیکترۆنی:

-CAMBRIDGE, D. 2024. Defining feature [Online].
https://dictionary.cambridge.org/us/dictionary/english/defining-feature#google_vignette

-ONLINE ETYMOLOGY, D. 2024. Feature [Online].
https://www.etymonline.com/search?q=feature

Giovanni Pirluigi da Palestrina:
https://interlude.hk/giovanni-pierluigi-da-palestrina-italian-renaissance-composer/

Josquin des Prez: https://www.britannica.com/biography/Josquin-des-Prez website 15/4/2025

Skoove https://www.skoove.com/blog/musical-modes/

Britannica https://www.britannica.com/art/mode-music

-Online Etymology, 2024, Performancehttps://www.etymonline.com/search?q=performance

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- MERRIAM-WEBSTER, D. 2024. Improvisation [Online]. Available: https://www.merriam-webster.com/thesaurus/improvisation

---

# Performance and Improvisation characteristics among Oriental Modes

**Dawan Abdullah Qader**
Department of Music, College of Fine Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Email: Dawan.qader@su.edu.krd

**Asst. Pro. Dr. Amanj Ghazi Shakir Agha**
Department of Music, College of Fine Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Email: Amanj.shaker@se.edu.krd

## Abstract
This study emphasizes how to perform and improvise oriental modes, especially within a system of maqam. It strives to unearth aspects hidden in formal research about how mode structures are interpreted and developed through live performance, often guided by oral tradition and individual expression. The aim is to understand the artistic and technical characteristics of improvisation within this musical system. The research uses methods such as note-taking and field exploration through follower interviews and analysis to understand the shapes and textures of modes, changing tones and ornaments. Research also shows that improvisation follows established cultural rules but at the same time allows for freedom of expression through creative quartet shifts and phrases. Here, different cultures influence the way mode is interpreted. The study also proposes to combine ear and throat exercises, oral methods and mode analysis through an instructional exercise in order to preserve and enhance oriental vocal

music forms. Overall, the study offers valuable insights into Eastern mode music performance practices and supports further academic and artistic engagement.

**Keywords:** *Feature, Performance, Improvisation, Mode, oriental Mode.*

**ملخص**

تُركز هذه الدراسة على كيفية أداء وارتجال المقام الشرقية، لا سيما ضمن نظام المقام. وتسعى إلى كشف جوانب خفية في البحث الرسمي حول كيفية تفسير وتطوير هياكل المقام من خلال الأداء الحي، والذي غالبًا ما يسترشد بالتقاليد الشفهية والتعبير الفردي. وتهدف إلى فهم الخصائص الفنية والتقنية للارتجال ضمن هذا النظام الموسيقي. ويستخدم البحث أساليب مثل تدوين الملاحظات والاستكشاف الميداني من خلال مقابلات مع المتابعين وتحليلها لفهم أشكال وقوام المقام، والنغمات المتغيرة، والزخارف. كما يُظهر البحث أن الارتجال يتبع قواعد ثقافية راسخة، ولكنه في الوقت نفسه يسمح بحرية التعبير من خلال التحولات والعبارات الرباعية الإبداعية. وهنا، تؤثر الثقافات المختلفة على طريقة تفسير المقام. وتقترح الدراسة أيضًا الجمع بين تمارين الأذن والحنجرة، والأساليب الشفهية، وتحليل المقام من خلال تمرين تعليمي للحفاظ على أشكال الموسيقى الصوتية الشرقية وتعزيزها. وبشكل عام، تُقدم الدراسة رؤى قيّمة حول ممارسات أداء موسيقى المقام الشرقية، وتدعم المزيد من المشاركة الأكاديمية والفنية.

**الكلمات المفتاحية:** خصائص، أداء، ارتجال، المقام، المقام الشرقية.